# ڕەمز و مەغزا
# لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربالدا

نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو



* ناوی کتێب: ڕەمز و مەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربالدا
* نووسەر: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو
* نەخشەسازی : عەبدوڵلا ڕەحمان
* تایپیێست : کۆچەر ئەنوەر و خۆشناو عەزیز
* چاپ: یەکەم
* چاپخانە: چاپخانەی
* تیراژ: دانە

# پێشکەشە

بە گیانی پاکی فەیلەسوفی کورد (مەسعوود محەمەد) .



**سوپاس و پێزانین**

- سوپاسێکی بێ پایان بۆ خۆشناو عەزیز و عەبدوڵڵا ڕەحمان ، کە ئەرکی تایپ کردن و نەخشەسازییان خستە ئەستۆی خۆیان.
- زۆر سوپاس بۆ برای خۆشەویستم (سەباح ڕەنجدەر) کە پێداچوونەوەی بۆ کردم.

## ناوەرۆك


**بەراهی.........................................................6**

**دەروازەی یەكەم**

بەشی یەكەم: ئەزموونی ژیانی چیرۆكنووس و ڕەنگدانەوەی لە چیرۆكەكانیدا.........................................................11

بەشی دووەم: تاراوگە... فۆرم و تەكنیكی چیرۆكەكانی....................16

**دەروازەی دووەم**

بەشی یەكەم : مەغزا... چەمك... مانا... دەلالەت..........................29

بەشی دووەم : مەغزا لە چیرۆكی تازەدا........................................33

بەشی سێیەم: ڕەمز .......................................................36

بەشی چوارەم: تاریفی ڕەمز و بەكارهێنانی ......................ز........ 40

بەشی پێنجەم: ڕەمز... گرنگی....

فاكتەرەكانی...پەنابردنەبەری..... دابەشكردنی ............................44

**دەروازەی سێیەم**

ڕەمزو مەغزا لە چیرۆكەكانی (د.فەرهاد پیربالّ )دا..............................49

ئەنجام.............................................................94

سەرچاوەكان..........................................................97




## بەراهی

پرۆژەی نووسینی هەر لێكۆڵینەوەیەكی زانستی ئەكادیمی پێویست بەوە دەكات ، كەوا كۆمەڵێك ڕەهەندی پەیوەنداری بەدواوەبێت كە كرۆكی مەبەستەكانی ئەو لێكۆڵینەوەیە بپێكێ، بۆیە وریایی لە هەڵبژاردنی بابەتی لێكۆڵدراو سەنگی مەحەكە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو لایەنە، بەچەمكێكی تر مەسەلەی دیاریكردنی بابەتی لێكۆڵینەوە هەروا بڕیارێكی هەڕەمەكیانە نییە چۆنت بویێ دەستنیشانی بكەی، بەڵكو چەشنی روقعەكانی شەترەنج پێویستە حەكیمانە بازی بۆ بدەیت و هۆشمەندانە بیری لێ بكەیتەوە.

بەش بەحاڵی خۆمان هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ لێكۆڵینەوە كۆمەڵێك فاكتەری بەدواوەیە، واتە شتێكی لە خۆڕا نەبووە، بەڵكو لەدوای تێڕامانی هەنوكەی بزاڤی ڕۆشنبیری كوردستان و جۆری ئەو بابەتانەی دێنە مەیدانی دەمەتەقێی ڕۆشنفكرانەوە، گومانیش لەوەدا نییە هەرهەنگاو هەڵێنانێكی نوێ لێوردبوونەوەو ڕامانی زیاتر دەخوازێ، وەك دەسپێكی هەر پرۆژەیەكیش ڕەنگە لەكەم و كوڕی و ناتەواوەتی بەدەر نەبێ،لەگەڵ ئەوەشدا لە پێناو بەرژەوەندی باڵای بزاڤی ڕۆشنبیریمان بڕیارمان دا شان بدەیینە بەر ئەم ئەزموونە و جوهدی تەواوەتی خۆمانی تێدا سەرف بكەین، ئەگەرچی سەرچاوەی كەناڵەكان زۆر دەگمەنن ، بەڵام هەوڵمانداوە لەسەر توانای خودی خۆمان ئەو ئەركە سەرفبكەین و پشت بەشیكردنەوەكانی خۆمان ببەستین.

بێگومان بابەتی ( ڕەمز) بەحوكمی تەمومژاوی غەرەز و مەبەستەكانی و كەشف كردنی گەوهەری ماناكەی لە سروشتی خۆیدا هەڵسەنگاندنێكی ورد بینانەی گەرەكە، چونكە هەر دالێك تیایدا كۆمەڵێك مەدلوول بە ناوەرۆكی خۆیەوە دەگرێ كە لەزۆر حاڵەتدا تەشخیسكردنی ئەو مەدلوولانە كارێكی سانا نییە و دەكرێ دەروازەو پاساوی وەك بەڵگە بۆ بهێندرێتەوە، واتا ئەگەر گوزارەیەك بخرێتە ناو چوارچێوەی رستەیەكی دیاری كراویش، ئەوا لە جیاتی یەك مانا كۆمەڵێك مانای دیكەی بۆ لێكدەدەبیتەوە.

کەوابوو بابەتی ( ڕەمز) لە قاوغی تەحدیدکردن دەردەچێ، ئەوەش مانای ئەوە نییە کە چەمکی دروست نادات بەدەستەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە لە ڕووی ماناوە دەوڵەمەندە و دەشێ لەمانایەك و چەندین مانای زیاتری پێ ڕەوا ببینرێت.

ئەهەمیەتی ئەو بابەتەش لەوەدایە کە چۆن ( د. فەرهاد پیربال) لە کۆی چیرۆکەکانی بابەتی ڕەمزی کردۆتە ئالیەتێك بۆ گوزارشت کردن لە کۆمەڵێك مانا و دەربڕین، کە ڕەنگە ڕەمز نەبوایە چەندین قەوارەی کتێبی ناوبراو مەبەستەکانی خۆی بەتەواوی نەپێکابا. وێڕای ئەمەش ئەو سیما هونەریەی لە بابەتی ڕەمزدا ڕەنگدەداتەوە، زۆر ئەستەمە لە شێوازە سروشتیەکانی دیکە وێنەیان دەسکەوێ، جگە لەچەندین ڕەهەندی تر کە سەرجەمیان لە ڕەمزدا بەرجەستەدەبن.

ئەگەر لەمەغزا بکۆڵینەوە لای نووسەری دەق ئەوا زۆربەی جار نووسەر یەك مەغزای هەیەو بەس، بەلاّم خوێنەر دێت چەندین خوێندنەوە و تەئویل بە دەقەکە دەبەخشێ، ئەمەش زۆرجاران وا دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ناوی نووسەرەکە دەبێت و، زۆرجاریش دەقەکە ئەم چەند خوێندنەوەیە هەڵدەگرێت، بەلاّم دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە نووسەری ئەمڕۆ بەئەنقەست وای لێکراوە کەوا زۆرترین تەئویل و تەفسیر لە خۆیدا کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی ڕەواج بە دەقەکەبدات....

تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەمان لەسەرسێ دەروازە دابەشکردووە....

دەروازەی یەکەم بریتییە لە دوو بەش، لەبەشی یەکەمدا باسی ئەزموونی ژیانی چیرۆکنووسمان کردووە لەگەڵ ڕەنگدانەوەی لە چیرۆکەکانی، بەشی دووەم کە بەشێوەیەکی فراوان لە تاراوگە داوەوە، پاشان باس لەو فۆرم و تەکنیکانە دەکەین کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکانی بەکاری هێناون.

دەروازەی دووەم لە پێنج بەش پێك هاتووە ، بەشی یەکەم مەغزا لە ڕووی چەمك و مانا و دەلالەت دەخەینەڕوو ، بەشی دووەم مەغزا لە چیرۆکی تازەدا دەخەینە ڕوو، بەشی سێیەم کە تیایدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە مێژووی ڕەمز دەکەین ، بەشی چوارەم کەبریتییە لە پێناسەکردنی ڕەمز لەگەڵ چۆنییەتی بەکارهێنانی : بەشی پێنجەم گرنگی ڕەمز خراوەتەڕوو، پاشان باس لەو فاکتەرانە دەکەین کە پەنای دەبرێتە بەر و چۆنیەتی



دابەشکردنی. دەروازەی سێیەم کە دوا دەروازەیە بەشێوەیەکی فراوان مەغزا و ڕەمزەکان لە چیرۆکەکانمان خستۆتە ڕوو.

## دەروازەی یەکەم

**بەشی یەکەم :**

**ئەزموونی ژیانی چیرۆکنووس و ڕەنگدانەوەی لە چیرۆکەکانیدا**

**بەشی دووەم :**

**تاراوگە.... فۆرم و تەکنیکی چیرۆکەکانی**



## بەشی یەکەم
## ئەزموونی ژیانی چیرۆکنووس و ڕەنگدانەوەی لە چیرۆکەکانیدا

فەرهاد کوڕی پیربالّ کوڕی عومەرە، لەسالّی 1961لە گەڕەکی (خانەقا) ی شاری هەولێر لەدایك بووە، لە نێوان سالاّنی 1968-19976 قۆناغی سەرەتای لە ( زاگرۆس) و ناوەندیشی لە ( برایەتی) لە هەولێر تەواوکردووە، سالّی 1979 خوێندنی ئامادەیی لە بەشی وێژەیی لە ئامادەیی کوردستان تەواوکردوە، لەسالّی 1983 کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاّحەدینی تەواوکردووە، لەسالّی 1984 کوردستان جێ دەهێلّێ و ڕوودەکاتە ( ئێران، سوریا،ئەلّمانیا،دانیمارك، پاشان لە سالّی 1986 ڕووی کردۆتە فەرەنسا)، سالّی 1990 خوێندنی ماستەر تەواودەکات لەبارەی ( سەرچاوەکانی چیرۆکی کوردی) لە زانکۆی سۆربۆن، سالّی 1994 بڕوانامەی دکتۆرا وەردەگرێ لە بارەی (مێژووی نەشونماکردنی چیرۆکی کوردی) لە زانکۆی سۆربۆن لە فەرەنسا.

سالّی 1994 بەیەکجاری هاتۆتەوە کوردستان، ماوەیەك لەکۆلێژی ئاداب دەرس دەلّێتەوە، پاشان دێتە کۆلێژی پەروەردە دەرس دەلّێتەوە.....

وەك ئاشکرایە لەلامان چیرۆکنووس بەشداری لە چەندین کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنفڕانسی کردووە لە ناوەوەی ولاّت و دەروەی ولاّت، تاکو ئێستاش چەندەها بابەتی بەنرخی لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بلاّوکراوەکانی ناوەوەو دەروەی ولاّت بلاّوکردۆتەوە.

هەمدیسان چیرۆکنووس هەرشتێکی کە نووسیبێ ئەوا خەلّکانێکی زۆر دەست خۆشی و پشگیریان کردووە ، لە هەمان کاتدا خەلّکانێکیش هەبوونە دژی وەستاون.

لەوە دەچێ کەزۆرینەی چیرۆکەکانی چیرۆکنووس باس لەو ڕووداو کارەسات و بەسەرهاتانە بکات کە بەسەر خودی خۆی هاتوونە، یاخود لە نزیکەوە ئاگادار بووە لەو

کارەساتانە و لە ئامێزی ژیاوە، جا ئەم باسەرهاتانە چ لەناوەوە یان لەدەرەوەی وڵات روویان دابێ، کەواتە دەتوانین بڵێین کە ڕووداوەکان زۆرینەیان ڕاستەقینەن، بەڵام بەشێوەیەکی فەنتازیا یان بەشێوەی چیرۆکێکی هونەریانە باسیانی کردوون، بۆیە مەغزاکانیان بەئاسانی بەدەستەوە نادەن، بەڵکو داپۆشراون.

یەکێك لەخاسیەتەکانی نووسەر و چیرۆکنووس و شاعیرانی رۆمانسیەت ئەوەبوو ، کە بەرهەمەکانیان پڕبکەن لەو ئەزموونە تایبەتیانەی خۆیان کە لەوڵاتانی تردا بەسەریان داهاتبوون، بۆیە بەرهەمەکانیان پڕبوون لە غوربەت و غەریبی و سەرگەردانی و خەم و حەنین....... تاد، بۆ شوێنی زێدی لەدایك بوونی خۆیان.[1]

بۆیە ئێمە ئەو خاسیەت و تایبەتمەندیانەی رۆمانسیەت لە چیرۆکەکانی ( فەرهاد پیربال) دەبینین، کەزۆر بەپەرۆش بوو بۆ بۆ گەڕانەوە بۆزێدی لەدایك بوونی خۆی و هەردەم دڵی لای شارەکەی خۆی بوو (( ئاسودەیی و پێشکەوتن و هێزی مرۆڤی کورد تەنیا لەناو وڵاتدا سەرچاوە وەردەگرێت نە لەدەرەوەو بە ڕاکردن)).[2]چیرۆکنووس لە زۆربەی چیرۆکەکانی هەوڵی داوە ئەو بەسەرهات و ڕووداو و کارەساتانەی ژیانی خۆی بخاتە نێو چیرۆکەکانی و، بەشێوەیەکی هونەریانەی جوان رێکیان بخات، بۆیە دەتوانین بڵێین چیرۆکەکانی چیرۆکنووس ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیانیەتی، لێرەدا هەندێ نموونە دەهێنینەوە، وەك دەلیل و بەڵگەیەك بۆ سەلماندی قسەکانمان.

چیرۆکی ( ڕاکردوو)، ئەگەر سەیرێکی ئەم چیرۆکە بکەین ، ئەوا دەبینین ئەم چیرۆکە لەسەر ژیانی سەربازی خۆیەتی ، کە بۆماوەی ( 24) ڕۆژ سەرباز دەبێت لەشاری (حللە) لە ریزی سەربازانی سوپای عێراقی، دیارە ئەم چیرۆکە بەشێوەیەکی جوان و هونەریانە و مۆدێرن، باس لەو موعانات و ئازار و ناخۆشیانە دەکات ، کە تووشی خۆی و سەربازانی ترهاتوون، ئەم چیرۆکە باس لە واقیعێك دەکات کە بەسەر ئێمەی کورد سەپێندراوە، لەرێگەی ئەم چیرۆکەوە فەرهاد پیربالّ دەیەوێ پێمان بڵێ (( وڵاتی من ئەو دۆزەخەیە کە

---

[1] فەرهاد پیربالّ ، موحازەرەکانی کۆلێژی پەروەردە ، 1999 – 2000.

[2] فەرهاد پیربالّ، نامەیەکی کراوە، ڕ.نیشتمان، ل5.



هەموومان تیایدا ئەگەر بەختەوەربین لەنێوئەچین .... دەبێ سەقەت و کەم ئەندام بین، بۆیەش لە رێگەی ئەو چیرۆکەوە سۆنگەی پەڕاگەندەی خۆی بۆ ئەوروپا رادەگەێنیێ))[3].دیارە ئەم چیرۆکە لە رێگەی سەربازێکەوە ، کە (( فەرهاد)) خۆیەتی باسی ژیانی سەربازی خەڵکی عێراق و کوردستانمان بۆ دەکات.ئەگەر سەیرێکی چیرۆکی (پەتاتە خۆرەکان) بکەین ، ئەوا هەمدیس چیرۆکنووس باسی ژیانی خۆی دەکات کە ئەوماوەیەی لە تاراوگەدا ژیانی بەسەربردبوو، پاشان کە گەڕاوەتەوە کوردستان و زێدی خۆی، چەندین شتی بەنرخی لەگەڵ خۆی هێناوە بۆ کوردستان، وەکو بڕوانامەی ( ماستەر ، دکتۆرا) و دەیەها پەرتوکی بەنرخ و ئەرشیف و دیکۆمێنت و ...... هتد، کە بەڕەمزێك ناوی بردوون، ئەویش ( زێڕە)، بەڵام کە دەگەڕێتەوە بۆ ناو کەس و کاری، شتەکان ئاوەژوو دەبێتەوە ،چونکە ئەوان بەو زێرانەی ڕازی نینە، بەڵکو داوای پەتاتە دەکەن کە ئەویش ڕەمزە بۆ (پارە). سلێمان دڵسۆز لەم بارەیەوە دەڵێ (( پەتاتەو زێڕ هەردووکیان ڕەمزن بۆ مەبەستی تر بەکارهاتوون، و ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی فانتازیا، هەموو مرۆڤێکی سەرئەم دوونیایە بە تەنها پەتاتە ناخۆن، کەسیش نییە کەوا زێڕ بەبێ نرخ بزانێ، و ئەم دووشتە ڕەمزن))[1].

چیرۆکی (ناونیشانێکی نوێ) لەوە دەچێ ئەم چیرۆکەکە پاڵەوانەکەی هەمدیس چیرۆکنووس خۆی بێ ، شوێنەکەشی شاری ( هەولێر) ە و خۆشەویستەکەشی ( زەینەب)ە، دیارە چیرۆکنووس لەم چیرۆکەدا بەشێوەیەکی زۆر جوان باسی ژیانی خۆی دەکا، هەروەها باسی دەستەلاتی ( باوکسالاری) دەکات، چیرۆکنووس لە رێگای ئەم چیرۆکەوە دەیەوێ باسی موعاناتی خۆی بکات کە چۆن پەرۆشی لایەنی رۆشنبیری بووە، لە هەمانکاتدا چەندین گیروگرفتی بەسەرهاتووە لەلایەن باوکی، دیارە ئەم چیرۆکە ئەوە دەرئەخات کە باوکی ڕقی لێ بوو، پاڵەوانی چیرۆکەکە وەکو باسمان کرد خودی چیرۆکنووس خۆیەتی کە ئەو کارەساتانەی بەسەردێ، بەڵام لێرەدا ( من) گۆڕاوە بۆ ( ئەو) لە چیرۆکەکە، بۆ ئەوەی

---

[3] اسکندر جلال ،فەرهاد پیربالّ و شەش چیرۆك کە بۆنی غوربەتیان لێ دێ ، گ. کاروان ،ل108.

[1] سلێمان دڵسۆز ،خوێندنەوەیەکی سەرپێی چیرۆکی پەتاتە خۆرەکان ، ر . برایەتی ئەدەب و هونەر ، ل4 .

نووسەر بەئاسانی نەگاتە ناواخنی، بەڵکو پێویستە بە چەندین جار خوێندنەوە هەیە بۆ گەیشتن بە ناواخنی چیرۆکەکە.

من ← ئەو

باوك ← دەستەلات

چیرۆکنووس ← رۆشنبیر

چیرۆکنووس ← زەینەب



## بەشی دووەم

## تاراوگە.... فۆرم و تەکنیکی چیرۆکەکانی

هەر نووسەرێك یا شاعیرێك یا چیرۆکنووسێك یا .... هتد ، کە ژینگەکەی خۆی بەجێ دێڵێ دەچێتە ژینگەیەکی تر، جا ئەم گۆڕینی چینگەیە لە بەرهەرفاکتر و هۆکارێك بێ، دیارە گومان لەوەدا نییە کەلەو ماوەیەدا زەمنیەی کە لەو ژینگەیە ژیان بەسەر دەبات ، شتێکی زۆر شارەزا ئەبێ و فێری دەبێ و ئەم دیاردانەش لە بەرهەمەکانی خۆیدا ڕەنگ دەداتەوە، سیمایەك و لەونێکی تازە دەبەخشێتە بەرهەمەکانیان.

ئەو نووسەرانەی کە دوورن لە ژینگەی خۆیان، زیاتر تامەزرۆی خوێندن زانست و زانیاری دە بن، هەرنووسەرێك کە سەرەتا شتێکی تازە دەنووسێ و یا دێنێتە ئاراوە، گومانی تیا نییە کە سەرەتا توێژێك یا چینێك هەڵدەستنە سەرپێ بۆ بەرهەڵستی کردنی ئەم شتەنوێیە، بەلاّم دەبێ نکۆڵیش لەوەنەکەین کە بوونی نووسەر و رۆشنبیرانمان لە دەرەوەی ولاّت گرنگە و پێویستە، کە دەتوانن شتی تازەو مۆدێرن بێنە گۆڕێ، هەروەکو ( فەرهاد پیربال) لەم بارەیەوە دەڵێ (( هەبوونی شاعیر و نووسەرەکانمان لە پایتەختەجیاجیاکانی دونیا، زەمینە خۆش دەکا بۆ ئەوەی لە هەموو کانیاوە ئەدەبییەکاندا قومێك بخۆینەوە ، کە ئەوەش لە داهاتوودا بە قازانجی ئەدەبەکەمان دەشکێتەوە، بەتایبەتی بۆ هێنانەکایەی ئەدەبێکی نوێ)) [1].

دیارە هەرنەتەوەو ولاّتێك سەبارەت بە نوێبوونەوەی ئەدەبەکەی خۆی چەند سیماو تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆ نموونە لە ئەدەبی عەرەبیدا یەکێك لە قۆناغەکانی نوێ بوونەوەی ئەدەبەکەیان لە سەردەستی چەند کەڵە نووسەرێك بوو کە بە ( شاعیرانی مەهجەر) ناسراون، ئەوانیش بریتی بوون لە ( جبران خەلیل جبران،میخائیل نەعیمە، ئیلیا ئەبو مازی) ئەم نووسەر و شاعیرانە ولاّتەکەی خۆیان بەجێ هێشت لەناوچەی یاخود

[1] سەرکەوت پێنجوێنی ، تاسەی غوربەت لە شیعری نوێی کوردی تاراوگەدا ،گ. ڕامان ، ل51 .

بەواتایەکی نزیکتر بلێین ولاتی ( لوبنان) و کۆچیان کرد بۆ ( ئەمریکا) دیارە ئەم کۆچکردنەیان هەروا بەئاسانی نەبووە، بەڵکو چەندین فاکتەر هەبوون لەبەردەم کۆچکردنیان لەوانە لایەنی کۆمەلایەتی ،لایەنی ئابوری، لایەنی هاندان، هەروەها چەندان هۆکاری تر، ئەم نووسەرانە زۆر کاریگەر بوون بە ناوەرۆکەکانی ( کۆمەلایەتی، سیاسی، ئایدۆلۆژیەت) و ئەمانە هەولێکی زۆریان دا بۆ نوێکردنەوەی ئەدەبی عەرەبی بەتێگەیشتنێکی تازەو بیرکردنەوەیەکی نوێ و بەشێوازێکی تایبەت.

دەربارەی ئەدەبی کوردیش ، ئەگەر بمانەوێ بەدوای نوێ بوونەوەی ئەدەبەکە بگەڕێین، ئەوا بەشێوەیەکی زانستی ئەدەبی نوێی کوردی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1898، واتە لەگەڵ دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە دەروەی ولات دەرچوو، ئەم نوێ بوونەوەیەش بەچەند قۆناغێك تێپەڕ یوە تا گەیشتۆتە ئەو قۆناغەی ئەمڕۆ تیایداین، دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە چەندین نووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس دەستیان هەبووە لەو تازەبوونەوەی ئەدەبی کوردی ، لەوانە (( حاجی قادر، پیرەمێرد،گۆران، شێخ نووری، مستەفا شەوقی، کامەران....هتد))[1].

خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە کەدەبێ لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ، ئەویش ئەوەیە کە زۆربەی ئەو نووسەرانە لە رێگەی هەندەران و تاراوگەوە شارەزاییان لە ئەدەب پەیدا کردووە، ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی ولات ژیاون و فێری چەندەها زمانی بێگانە بوونە، دیارە فێربوونی زمانیش فاکتەرێکی گەورەیە بۆ ئەوەی ڕاستەو خۆ تۆ ئەوداهێنانە ئەدەبیانە بخوێنیەوە ئاشنایان بی، ئەو نووسەر و شاعیرانەمان توانیان چەندین بابەت و فۆڕم و شێوازی تازە تێکەڵ بکەن بە بەرهەمەکانییان، و بەرگێکی تازە و تارایەکی نوێوە هاتنە مەیدانی ئەدەبی کوردیمان.[2]

غوربەت یان تاراوگە (( بریتییە لەوەی کەوا مرۆڤ لە ژینگەیەکەو هەڵکەندرێ بۆ ژینگەیەکی تر، بەجۆرێك سەرەڕای ئەوەش پێوەندییەکی رۆحی لە ناخی ئەوخودەدا لە

---

[1] د. فەرهاد پیرباڵ ، موحازەراتەکانی کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەددین ، 2000 – 2001.

[2] نەریمان عەبدوڵلا، تاراوگە و مۆدێرنیزم،ڕ. ژین، 2001- ل 4.



( ئەوێ) لەلابێ سەبارەت بەزێد و ئازیزانی دروست بێت. غوربەت چەمێکی کۆمەلایەتییە و لە ڕووی کردییەوە واتایەکی دەروونی دەگرێتەخۆی و کاتێك یەکێك لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر پێگەی خۆی دەگۆڕێت، ئەوا ئەو حاڵەتە بەولایەوە قورس و گرانە تا ئەوکاتەی جۆرەراهاتنێك لەگەڵ ژیانی کۆمەلایەتی نوێیدا دروست دەکات)) [1].

دەربارەی چیرۆکنووسیش کە ئەو ماوە زەمەنیەی کە کوردستانی جێ هێشتبوو، دیار بوو کە لەهەندەران یا لەدەروەی ولات شارەزاییەکی زۆر زیاتری لە بارەی ئەدەب پەیداکردبوو، و ئەم گۆڕینی ژینگەش والێ کردبوو کەوا بتوانێ زۆر بەئازادانە شت بنووسێ و زۆر بابەت و ناوەرۆکی تازە تێکەڵ بکات بەبەرهەم و چیرۆکەکانی کەوا دەتوانین بلێین تاراوگە بۆ نوسەرانمان سەرچاوەی بنەڕەتین بۆ داهێنانی ئەدەبیمان.کاتێ کە ( د . فەرهاد) لە دەرەوە گەڕاوە توانی بەشێوازێکی تر شت بنووسێت و چەندین فۆرم و تەکنیکی تازەی هاویشتە ناو بەرهەمەکانی، بۆیە ئێمە لێرەدا سەرەتا باس لەو ڕێبازە ئەمڕۆییە جیاجیایانەی ئەوروپا دەکەین، کە تارادەیەکی زۆر پەیڕەوی کردوون لە بەرهەمەکانیا، پاشان دێینەسەر فۆڕم و تەکنیکەکانی....

* ڕێبازی دادایزم، ئەم ڕێبازە لە ساڵی 1916 لە سویسرا لە لایەن نووسەر و ڕۆمان نووسی گەورە ( تریستان نزارا) ڕاگەینرا (( دیارە ئەم گروپەی دادایزم هەموو پێوەرێکی ئایدۆلۆژی و ئیستاتیکی سەردەمەکەی خۆیان ڕەفز دەکردەوە، دەیانەویست بێهودەیی و بێ واتایی و ناماقولیەتی سەردەمە پڕجەنگەکەی خۆیان دەربڕن)) هەروەها ئەم ڕێبازە (( بناغەکەی لەسەر رەتکردنەوە دروستکرابوو دەیانەویست ئەدەبیات لە ژێر عەقڵ و مەنتیق و شعور و تەنانەت زمانی باویش ئازاد بکەن))[2] ، ئا ئەمەیە ناوەڕۆکی ڕێبازی دادایزم کە چیرۆکنووس هەندێ لە چیرۆکەکانی دەکەوێتە ژێرکاریگەری ئەم ڕێبازە لەوانە ( پەناهەندە، لامارتین،شیزۆ فرینیا) چیرۆکنووس لەم چیرۆکانەدا توانیویەتی بە شێوازێکی

---

[1] سەرکەوت پێنجوێنی ، تاسەی غوربەت لە شیعری نوێی کوردی تاراوگەدا ، گ. ڕامان ، 2000 ، ل 50 .

[2] خالید حوسێن ،دادایزم ، گ. وەرگێڕان ، 1997 ، 60 .

جوان ئەم تەكنیكە بەكاربهێنێ كە ڕەتكردنەوەی ڕابردووە بە هەموو شێوازەكانی، و داهێنانی تەكنیك و شێوازی تازە و دووركەوتنەوەیە لە تەكنیك و شێوازی باوی پێشوو.

* ڕێبازی ریالیزمی ڕەخنەگرانە، وەكو دەزانین یەكەم چیرۆكی هونەری كوردی نووسراو چیرۆكی ( لەخەوما)ی جەمیل سائیبە كە لە ساڵی 1925 لە ڕۆژنامەی ژین بڵاوبۆتەوە[1]. ئەم چیرۆكە لە ڕووی ناوەرۆكەوە دەچێتە خانەی ( ڕێبازی ریالزمی ڕەخنەگرانە) كە ڕەخنەگرتنێكە بۆ سەردەمی ( شێخ مەحموود) كە دیارە ئەو سەردەم دزی كردن بەرتیل بەشێوەیەكی فراوان باو بووە.لەمەوە چیرۆكنووس چەند چیرۆكێكی هەیە كە دەچێتە خانەی ریالیزمی ڕەخنەگرانە وەكو چیرۆكی (پەتاتە خۆرەكان، لامارتین) .

لە چیرۆكی (( ڕاكردوو) كە ڕەخنەگرتنە لە حكوومەتی عێراق بەهۆی زۆری جەنگ كە خەڵكەكە بەتەواوەتی بێزار بوونە و تەحەموولی چیتریان نەماوە، دیارە ئەم ڕەخنەگرتنە ڕەخنەگرتنێكی بەجێ یە بۆ ئەو واقیعەی عێراق كە تیایدا دەژین.لە چیرۆكی ( پەتاتە خۆرەكان) كە دیارە چیرۆكنووس ڕەخنە لە كۆمەڵ دەگرێ كە بایەخ و بەها و قەدری بڕوانامە و ئەرشیف و پەرتوكی بەنرخ ناگرن، بەڵكو تەنها ڕوویان كردۆتە پارەو پوول كۆكردنەوە.لە بارەی زمانی چیرۆكەكانی فەرهاد پیربالْ ،ئەوا (( زمانی نووسینی زمانی چیرۆكە ، یەكێك لە لایەنە باشەكانی چیرۆكی فەرهاد پیربال پاڕاستنی نموونەی ڕەگەزەكانی چیرۆكە، زمانی چیرۆكەكانی پاراو و ساكارن، دیارە سادەو جوان نووسینیش هونەرێكی گەورەیە)) [2].

گومان لەوەدانییە كە چیرۆكنووس لەژێر كاریگەری سمبۆلستەكان و سوریالست و ... هتد دابووە. دەربارەی ڕەمزو فانتازیاش دیارە زۆربەی چیرۆكەكانی ئەم دوو جۆرە كردە تەكنیكانەی تێدا بەكارهێناوە، لەوانە چیرۆكی ( لامارتین ، شێر، پەتاتەخۆرەكان، گوڵاڵە كێویلەكانی كۆتەڵ ، ناونیشانێكی زۆر درێژ) لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە دەقی تازەو نوێ پڕە لە كۆدی ڕەمز و دەلالەت و فۆڕم و تەكنیكی زمان.... جا لەئەنجامی ئەو

[1] عەزیز گەردی ،پەخشانی كوردی ، 1978 ، ل68.

[2] چاوپێكەوتنێك لەگەڵ سلێمان دڵسۆز ، هەولێر ، 13 / 1 / 2001 .



تێكچڕژاوی و داخراویی تەكنیكەكانی دەقی چیرۆك ، پێویستە خودی خوێنەر ئاگایانەو بەدیدگایەكی كراوەو گشتگیر و قووڵ شۆڕبێتەوە بۆ نێو خۆزگەو ئاواتە زاتیەكانی تاكی خودو قوڵاییای ناخ و روحیەتی تاكی بەرامبەر.

لێرەدا ئێمە باسی ڕەمز ناكەین ، چونكە باسەكەمان لەسەر ڕەمزەو لە دوایی بەدرێژی باسی لێوە دەكەین، بەڵام دەربارەی فانتازیا بۆ خۆی سنوور بەزاندنی كارە سروشتی و لۆژیكیەكانە بەواتە بەمەئلوف كردنی نامەئلوفەكانە، سروشتی شاز پێدانە بەشتەكانی، بونیاد نانەوەیەكی نوێی یە لە كەرستەو ئامرازە سواوەكان بەشێوەیەكی جیاواز لە پێشوو، سەرنج ڕاكێشتر و ڕێكخراوتر)) [1].

ئەگەر سەیری چیرۆكی ( لامارتین) بكەین دەبینین بۆمان دەردەكەوێ ، كە ئەم فانتازیا نواندنە سنوری بەزاندووە، كاتێ كە پاڵەوانی چیرۆكەكە لەگەڵ پەیكەری لامارتین قسەدەكا، دیارە لێرەدا خۆی لە خۆیدا سنوری سروشتی بەزاندووە، یاخود لە چیرۆكی ( ڕاكردوو) كاتێ كە سەربازەكە قاچەكی دەڕوات و دەگەڕێتەوە شاری خۆی و نامە بۆ خاوەنەكەی رەوانە دەكات، دیارە خۆی ئەمە فانتازیایە بەمەش فانتازیایەكی جوانی بەخشیوە بە چیرۆكەكە.

ئێمە دەبێ ئەو ڕاستیەش فەرامۆش نەكەین كەفانتازیا بەدی هێنانی كۆمەڵێ حەز و ئارەزووە ، كە بەدی هێنانی ڕاستەقینەیان بۆ مرۆڤ مەحاڵە، دیارە ئەو چیرۆكە فانتازیایە وەك كردەیەكی فكری لە ڕابردوو كاردەكات، واتە دیاردە ئاساییەكان ئەوانەی بەڕاستی بوونیان هەبووە جارێكی دی لە ڕێگەی زمانەوە تێك دەشكێندرێن و لە قاڵبێكی دیكەدا دەكەونە ڕوو،لەم بارەشەدا كردەكە پتر لەئەدەبی خەیاڵی و ئەفسانە نزیك دەبێتەوە، واتە بۆی هەیە كارەكە ماكێكی لە واقیعدا هەبێت.

دەربارەی دیالۆگیش دیارە لە هەندێ چیرۆكەكانی ئەو تەكنیكەی زۆر بەجوانی بەكارهێناوە، وەكو هۆیەكی سەرەكی كە نووسەر لەم ڕێیەوە بەكارهێناوە بۆ رونكردنەوە خستنە ڕووی ویست و خواستەكانی نووسەر یاخود دەرخستنی باری دەروونی پاڵەوانی چیرۆكەكە، هەروەكو لە چیرۆكی ( پەتاتە خۆرەكان، پەناهەندە) دەردەكەوێت، كە چەند

[1] ت. ی. ابتر ، ادب الفنتازیا، ت. صابر سعدون ، 1990، ص 28.

پرسیارێك دووباره دەبێتەوه و هەموویان لە ڕێگەی دایالۆگەوه هەمان پرسیار ئاڕاستەی کوڕەکە دەکەن کە لە هەندەران گەڕاوەتەوه، کە بۆ هەموو پرسیارەکانیش یەك وەڵامیان هەیە (( زاواکەی: بەڕاست هیچ پەتاتەت لە خاریج نەهێناوه؟ نەخێر، هیچ پەتاتەم لە خاریج نەهێناوه)) (( خاڵۆکەی بە حەپەسانەوه و کەمێك تووڕە: بەڕاست ، بەڕاست ... تۆ هیچ پەتاتەت لە خاریج نەهێناوەتەوه)) ( پەتاتە خۆرەکان- ل-59).

هەروەها مەسەلەی دووبارەبوونەوەی مۆزەکان لە چیرۆکی ( پەناهەندە) ئەوا بەهۆی دایلۆگەوه دەربڕاون.دەربارەی مەنەلۆگیش لە چیرۆکی نوێماندا زۆر بەکار هاتووه (( ئەم هونەرەش بەمەبەستی خستنەڕووی دیوی ناوەوەی کەسانی چیرۆکە ، واتە دیوی نەستی- لاشعور- کەسەکە بەکاردێت))[1] ، ئەگەر سەیری هەندێ لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووس بکەین لەوانە چیرۆکی ( گولالە کێویلەکانی کۆتەڵ، زەینەب و شتی تریش) دیارە ئەم تەکنیەکەی تیادا بەکارهاتووه. لە چیرۆکی زەینەب و شتی تر دەبینین گێڕانەوەی مەنەلۆگەکان لە نێوان خودی زەینەب و ناوەوەی زەینەبە، تاوای لێ دێ کە زەینەب بەرەو بێهودەیی دەبات و لە ئەنجامدا زەینەب خۆی دەکوژێ، تاکو دوو خوشکەکەی تری ئاسوودەبن، ( دەی..... بەس هێندە ئاوڕی ئەو رقو توڕەییە بێهودەییە بۆ ڕابردوو بدەوە) ((پێش ئەوەی چەقۆکەی بچەقێنێتە دڵتەوە لە ئاوێنەکە خوێنی قەترانی خۆتت دێت رژا)) ( زەینەب و شتی تریش،ل 133).

ئەم مەنەلۆگە بەمەبەستی پێشکەش کردنی ناوەوەی دەروونی کەسایەتی زەینەب و کارە دەروونیەکانیەتی بێ قسەکردن، چونکە(( مەنەلۆج بریتییە لە پێشکەشکردنی ناواخنی هەست پێش قۆناغی تەواو بوون و دەربڕین)) [2].

دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە مرۆڤ بە پێی فرۆیدیزم بریتییە لە[3]:

---

[1] حسن جاف ،چیرۆکی نوێی کوردی ، 1985، ل 87.

[2] روبرت همفری، تيار الوعي في الرواية الحديثة، 1978، ص 44 .

[3] د. عزالدين اسماعيل ،الادب و فنونة، 1973، ل 6.



من:- کە ئەویش دیوی دەرەوەی دیاری کەسایەتییەو دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی هۆیە نەستیەکان لە لایەکەوه و جیهانی واقیع لە لایێکی ترەوه.

منی باڵا:- ئەمەش لە مناڵیەوه دروست دەبێت و زۆر جار باوك دەوردەبینێ لە دروستکردنی کە سایەتی منداڵ ، و منی باڵا کە ئەرکی ڕەخنەگری رەوشتی سەرووی پێ سپێردراوەو دەبێتە هۆی ئەوەی کە — من- هەست بەتاوان بکات.

ئەو:- لە نیشانەکانی ئەو نەستە- لاشعور- و لەسەر بناغەی هێنانەوەی خۆشی و دوورکەوتنەوه لە ئازار بەرێوە دەچێت، بێ ئەوەی پەیڕەوی بنەما رەوشتیەکان بکات یا هیچ پێوەندێکی لۆجیکی بیبە ستێتەوه.

دەربارەی فلاش باگیش کە لە چیرۆکی ( شێر، گولاڵە کێویلەکانی کۆتەڵ) بەرچاو دەکەوێ ، کە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو ، کە لەناو چیرۆکەکەدا دابڕانێکی تێدایە لەناو زنجیرەی واقیعی ئەو چیرۆکانە ، دیارە بەبڕانی چیرۆکەکە مەبەستێکی تیایە ئەویش روونکردنەوەی و پەردە لەسەرلادانی هەڵوێستی دیارو ئاشکرا، کە ئەم ڕووداوە لە واقیع روویداوه، هەروەك لە چیرۆکی ( شێر) دا دەردەکەوێ (( زۆر سەیرە ! ئەمڕۆ ئێوارە، لە بەردەم ئەم ئاوێنیەدا بەم سەرو پۆتەلاکە شێواوەی خۆیەوه، بەم رۆحە پەژموردەیەی خۆیەوه، هەر بەتەواوەتی لەو شێرە سوگوارە تێکشکاوه دەچێ، کە نۆزدە ساڵ پێش ئەمڕۆ لە گوندەکەی خۆیدا بینیبووی)) ( شێرل18)

* هەروەها دەربارەی بەکارهێنانی پەراوێز لە چیرۆکی (پەراوێزەکانی ئەوروپا) ، دیارە ئەمەش فۆرم و تەکنیکی نوێیە، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە و بەشێوەیەکی رێك و پێك و جوان، لە جێگای مەبەست داینان (( کوردۆ لە دڵی خۆیدا ووتی: نەمدەزانی ئەوروپا هێندە زەبوون و تەنیاو بێکەسم دەکات، نەشمدەزانی ئەوروپا بۆخۆشی هێندە غەمگین و تەنیاو کەساسە)) ( پەراوێزەکانی ئەوروپا-14) . هەرچەندە شوکر سلێمان پێی وایە بەکارهێنانی پەراوێز جۆرێکن لە بێزارکردنی خوێنەر[1]، بەلاّم بەڕای ئێمە پەراوێزەکانی جۆرێکن لە زیادە زانیاری و فراوانکردنی و زیاتر چوونە نێو قولاّی چیرۆکەکە.

---

[1] شوکر سلێمان ، هەندێ پەراوێز بۆ پەراوێزەکانی ئەوروپا ، گ. ڕامان ، 200 ، ل 83 .

هەروەها چیرۆکی ( شیزۆفرینیا) کە چیرۆکنووس تیایدا (15) لاکێشەی لە چیرۆکەکەی بەکارهێناوە ، ئەم فۆڕمە دیارە زۆر گرانەو پێویستی بە خوێنەری زیرەك و باش و کارامەو هۆشمەند هەیە تاوەکو بگات بە مەغزا و ناوەرۆکی چیرۆکەکە(( ئەگەر دەتەوێ بزانیت پیرەژنە چی لە بەختیار پرسی بڕوانە گۆشەی(6 ) (( ئەگەر چاك ببێتەوە ، حەزدەکەی بگەڕێیتەوە بۆ ولاتی خۆت؟ ئەمیش ووتی : پڕ بەدڵ حەزدەکەم بگەڕێمەوە باوەشی دایکم)) (شیزۆفرینیا، ل 99).

کەلك وەرگرتن لە هەندێ تەکنیك و بونیادی تایبەتی ژانرەکانی تر ڕەنگە لە زۆر جێگایاندا یارمەتی چیرۆکنووس بدات،بۆئەوەی حالەتی فکری و سایکۆلۆژی پالەوانەکان و وەسفی شوێن و پەیوەندیەکان لەگەڵ پالەوانەکاندا بەرجەستە بکات، بەلام کەژیرۆکەکەی بەلای ژانرێکی تردا شکایەوەو ڕەنگ و خەسلەتەکانی خۆی کاڵ بوونەوەو وەبن کەوتن، تووشی شێواوی دەبێ ، لە ئاکامدا دەقێکی مردووی لێ بەرهەم دەبێ و خوێنەر تووڕەو بێزار دەکات.....

ئەم فۆرم و تەکنیکانەی کە چیرۆکنووس لە زۆربەی دەقەی چیرۆکەکانی بەکاری هێناون وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد جا ئەمەوادەکات کە کارکردن لە نێو تەکنیك و فۆرمە نوێیانە دەمانباتەوە بۆ سەر کۆمەلێك ماناو دەلالەتی ئالۆ زو تێکچڕژاوی نابەرجەستە، لە چیرۆکەکانی ( پەناهەندە، پەتاتەخۆرەکان.....) مەغزا و ڕەمز زۆر پەرش و بلاون و پەرتبوونە لە نێو زەمینە و فەزای دەقەکاندا.



## دەروازەی دووەم

**بەشی یەکەم : مەغزا... چەمك... مانا... دەلالەت**

**بەشی دووەم : مەغزا لە چیرۆکی تازەدا**

**بەشی سێیەم: ڕەمز**

**بەشی چوارەم: تاریفی ڕەمز و بەکارهێنانی**

**بەشی پێنجەم: ڕەمز... گرنگی.... فاکتەرەکانی... پەنابردنەبەری..... دابەشکردنی**

## بەشی یەکەم

## مەغزا، چەمك،مانا،دەلالەت

گەر بمانەوێ بەدوای مەغزای تێکستێکی هاوچەرخ بگەڕێین ئەوا دەبێ هەموو پەڕۆ و پاتاری گڤەکەکانی دەق سەرگێڕ و وەرگێڕبکەین، دەبێ بن هەموو وشەو رستەکان هەڵبدەینەوە و لە دوای مەغزادا بەگەڕێین. چونکە مەغزای ئەمڕۆ، بەئاسانی خۆی دەستەمۆی خوێنەران ناکات.

هەموو ڕووداوێك بگرە هەموو شوێنێکی بچکۆلانەش کاردانەوە (رد فعل)ی هێزێکی ئاڕاستە کراوە کەلایەن دەستەلآتدارێك یاخود دەستەلآتدارانەوە ئەدا کراوە. هەڵبەت ئاڕاستەکردنی هێزێکی وا بۆ مەیسەربوونی ڕووداوێك یان کارەساتێك.....مەبەست و مەغزا- یەکی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. [1]

(( هەر نووسەرێك کە دەنووسێ ( مەبەست)ێکی هەیە لە نووسین، بوونی مەبەست و مەغزا لە چیرۆکدا گرینگەو تەنانەت چیرۆکی بێ مەبەست پووچەڵە، بەلآم تۆ ئەو مەبەستەی هەتەو بە چیرۆك دەری دەبڕی ، چۆن لە نێو تانوپۆی چیرۆکدا دەیشارییەوە، بەوە دەڵێن تەکنیکی نووسین ))[2] واتە چۆنیەتی تواندنەوەی مەبەست لە ناو جەستەی چیرۆکدا .

مەغزا دیارە گرنگترین رەگەزە لە چیرۆکدا، چونکە هەموو مەبەستی چیرۆکەکەی لەسەر وەستاوە، زۆر جار چیرۆکنووس بە وشەیەك یان رستەیەك گوزارشت لە سیمی چیرۆکەکە دەکات.[3]

---

[1] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سلێمان دڵسۆز ،( هەولێر)، 2002/1/13.

[2] دیان داو بتفایر : صنعة کتابة الروایة ، ص .15.

[3] نەریمان عەبدوڵلآ : مەغرا ( لە چیرۆکەکانی د. فەرهاد پیربال ، گۆڤاری خەباتی قوتابیان ، ژ 43، 2001 /12/18، ل.4



هەڵبژاردنی هەر ڕووداوێك لای چیرۆکنووس گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراوە لەو مەغزاییەی چیرۆك دەینوێنێت، کەواتە ناوەڕۆکی هەر چیرۆکێك لە خولیای بابەتێکی سەرەکیدا دەسورێتەوە، چیرۆك دەربڕین و گەیاندنی مەبەستێکی بەلاوە گرنگە. جا چۆنیەتی دەربڕینی ئەو مەبەستە تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتنی یان سەرنەکەوتنی کارەکەی پێوە بەستراوە. بۆیە هەروەکو سلێمان دڵسۆز دەڵێت (( مەبەست ( مەغزا) خوێنی چیرۆکنووسینە، بەلآم کە ئەو خوێنە بەدەرەوە بوو،دیارە چیرۆکەکە ساغ نییە و بریندارە))[1] . دیارە سلێمان دڵسۆز رای وایە کەنابێ چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ مەغزای چیرۆکەکەی ئاشکرا بکات و رای خۆی لەسەر دەرببڕێت، بەڵکو خوێنەر دەبێ خۆی لەئەنجامی خوێندنەوەی چیۆکەکە هەست بە مەغزاکەبکات و بیگاتێ.

زاراوە مەغزا چەند مانایەك دەگرێتەخۆی، کە دوای خوێندنەوەی چیرۆکەکەی لێی تێدەگەین، وەك ئەوەی بڵێین سیمی فلآنە چیرۆك بریتی یە لە کێشەی نێوان چاکەو خراپە)[2].

مەغزا رەگەزێکی سەرەکی چیرۆکە ، کە هەموو چیرۆکێك بەبێ ئەو ڕەگەزە ناتەواوە، ئەرکە ئەدەبی مرۆڤانەکەی چیرۆك بەبێ ( مەبەست) نادرێت بەدەستەوەو لایەنەکانی چێژ و خۆشی و پەروەردەیی و پەند لێ وەرگرتنیشی هەر بەناکامی دەمێنێتەوە.مەغزا (( ئەو بیرە بنەڕەتی و ماقوڵەیەکە چیرۆکەکە یەك دەخاتەوەو باڵی بەسەردا دەکێشێت، ئەمەش ئەوە دەگەینێ کە ئەو بەکارهێنانە تەسکەی ( سیم) ئاماژە بۆ وتەیەك دەکات کە نووسەر دەربارەی بابەتەکەی دروستی دەکات و لەمیانی کار لەیەك کردنی بنەماکانی چیرۆکەکەدا بەشێوەیەکی ئاشکرا دەردەکەوێت))[3] . دەتوانین بڵێین مەغزا وەك ئۆکسجین بوونی لە پانتای هەموو کارەساتەکاندا هەیەو لەهەموو ئاشێك باراشی خۆی لێ دەکات.[4]

---

[1] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سلێمان دڵسۆز ،هەولێر ،2001/1/13.

[2] د. عدنان خالد **عبدالله**: النقد التطبیقی التحلیلی، ص 92.

[3] نفس المصدر ، ص، 92.

[4] پەرێز صابرمحمد، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرتاوە تاکو جەنگی جیهانی دووەم، ل 41.

چۆنیەتی بەکارهێنانی مەغزا چەند جۆرێکی هەیە، [5] لەوانە:-

1- هەندێ چیرۆکنووس بەشێوەیەکی ناهونەریانە، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مەغزای چیرۆکەکانیان ئاشکرا کردووە.

2- هەندێ چیرۆکنووسی تر بەشێوەیەکی هونەری جوان، مەغزاو مەبەست دادەپۆشن .

دیارە ئەم دابەشکردنە ئەوە دەردەخات کە چیرۆکنووس نابێ مەبەستی چیرۆکەکەی بۆ خوێنەران ئاشکرا بکات، بەڵکو دەبێ ئەو مەبەستە بۆ خوێنەران جێ بهێڵێ، خوێنەرانیش لە ڕێگەی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا مەغزایەکمان بۆ دەردەکەوێ، چونکە ئێمە تا نەیخوێنینەوە نازانین چ مەبەست و مەغزایەکی تێدا توێنراوەتەوە. جا کە خوێندمانەوە وردە وردە تامی شاراوەی ( مەبەست)ی نووسەر وەبەر مەلاشومان دەکەوێ.

[5] نەریمان عەبدوڵڵا، مەغزا لە چیرۆکەکانی د. فەرهاد پیربال ، گۆڤاری خەباتی قوتابیان ، ژ.43، 2001/2/18، ل41.



## بەشی دووەم

## مەغزا لە چیرۆکی تازەدا

ئەگەر بێتو پەنجەرەیەك لەسەر چیرۆکی مۆدێرن والاکەین، سەربارەت بەفۆڕمی (مەغزا) و چۆنیەتی بەرجەستەبوونی، دەبینین ( مەبەست) لە زۆربەی چیرۆکە نوێیەکاندا زیاتر بەفۆڕم و لەونێکی شەفاف و کراوە خودی خۆیان نادەنە بەردیدگای خوێنەران و بەئاسانی بەرجەستەیان بکات... ئەم داخراوەیی تەکنیکی (مەغزا) وا لەخودی خوێنەر دەکات کە هەڵستێت بەپڕۆسەی ئارکیۆلۆژیا ( هەڵکۆڵین) لە نێو بونیادی دەق لێبدات و شۆڕبێتەوە بۆ نێو خەلایە شاراوەوە نابەرجەستەکانی پانتایی دەق و کرۆکی ڕووداوەکانی دەق و ،بۆ گەڕان بە شوێن ماناکاندا زیاتر پێویستە شاوڵیانە بەنێو ستوونەکانی تانوپۆی دەق شۆڕبێتەوە بچێتە ئاستی ژێرەوەی مانا و دەلالەتەکانی جەستەی دەق.. بەمەبەستی بەرجەستەکردنی دنیای شتە بچوك و پەراوێز کراوەکان، کە لەدوایدا لە ئەنجامی شوناسکردنی پڕۆسە و تەکنیکە تازەکانی جەستەی دەق و کەشفکردنی فاکتەرەکانی ڕووداو و بونیاد و کۆدە داخراوەکانی نێو پانتایی دەقی چیرۆکەکە، ئەوکات هەوڵدەدەن تانو پۆی مەغزا لە بازنەیەکدا بەرجەستەبکا. بێگومان چاکیش ئەزانین دەقی چیرۆکی مۆدێرن ئەو فۆڕمە لەونەشەفاف و کراوە نییە کە خودی خوێنەر تەنها نیگاکانی بگرێت لە دونیای واقیعی ڕووداوەکان، بەڵکو دەقی نوێخواز زیاتر شۆڕ بوونەوەیە بۆ نێو جیهانی بەسەرهاتی واقیع زیاتر بۆ بەرجەستەکردنی کردەو دیاردە پەراوێز کراو نابەرجەستەکان.

هیچ روداوێك ناتوانێ خۆی لە مەغزا دابماڵێ و خۆی لێ بشارێتەوە، چونکە مەغزا میوانێکی بەردەوامی کارەسات و گۆڕانکاریەکانە.

مەغزا لەکۆمەڵە چیرۆکی ( پەتاتەخۆرەکان) دا مەغزایەکی خۆ بەدەستەوە دەرنییە، بەڵکو دەبێ بەقورمەی بیری مەحکەم ڕاو بکرێ. [1] دەتوانین بڵێین کە دەتوانرێ چەندین مەبەست و مەغزای لێوە دەربهێندرێ کە ئەمەش خاسەتێکی چیرۆکی تازەی کوردییە .لەبەرئەوەی تەنها مەبەستێك لە چیرۆکدا جێگای نابێتەوە، هەروەك د. فەرهاد دەڵێ (هیچ خوێندنەوەیەك دوای خوێندنەوە نییە)) وەکو لە پێشدا باسیشمان کرد کردەی ( مەغزا) لە سەرتاپای چیرۆکەکانی ، تاکە تاکەیان نەبێت خۆیان وا بەسانایی نادەنە بەردیدەی خوێنەران و زیاتر روداوەکان جەربەزین، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری تەکنیك و فۆرمە نوێیەکانی ( دکتۆر) کە زۆربەی دەقە چیرۆکەکانی دەچنە نێو ئەوبازنە و تەکنییکەتازەییانەی وەك بەکارهێنانی ( فانتازیا، کۆد، بونیاد،شەپۆلی هۆش،فلاش باگ، زمان ....)) و کارکردنەکانی چیرۆکنوویس زیاتر دەچێتە نێو فۆرمە سوریالیست و سیمبولیزمەکان.... جا کارکردن لە نێو ئەو ڕێبازە نوێیانە دەمان باتەوە بۆ سەرکۆمەڵێك ماناو دەلالەتی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی نابەرجەستە لە چیرۆکی ( پەتاتە خۆرەکان، پەناهەندە،شیزۆفرینیا.....)، مەغزا زۆر پەرش و بلاۆن و پەرتبوونە لە نێو زەمینە و فەزای دەقەکەدا .

---

[1] نەریمان عەبدوڵلاّ، مەغزا لە چیرۆکی د. فەرهاد پیربالّ ،گ. خەباتی قوتابییان ، ژ 43، 2001/2/18 ، ل 41.



# بەشی سێیەم
# سیمبۆل

ڕەمز لەدەرەوەی چیرۆکدا مێژوویەکی دێرینی هەیە،مرۆڤ چەندین ڕەمز و سونبولی جوانی بەکارهێناوە بۆ شتێك کە ویستویەتی گەشاوەتری بکات، بۆ نموونە گەلی کوردیش مومارەسەی بەکارهێنانی ڕەمزی کردووە، بۆ نموونە ( شێر) بۆ ئازایەتی بەکارهێناوە، ( رێوی) بۆ فێڵبازی و ( مار) ی بۆ نەمری ، ( جوولەکەی) بۆ رەزیلی و پارەپەرستی و ....تاد.بەکارهێناوە، بەکارهێنای ڕەمز لە چیرۆکدا دیارە خۆدزینەوەیە لە ( واقیع) یێك و چوونە نێو واقعێکی ترەوە، وەك ئەو ، بەلاّم بەکەرستەی جیاواز، وەکو لامان روونیشە دەقی تازەو نوێ پڕە لەکۆدی ڕەمزوو دەلالەت و فۆڕم و تەکنیکی زمان..... جا لەئەنجامی ئەو تێکچڕژاوی و داخراوی تەکنیکەکانی دەقی چیرۆکی ئێستادا... پێویستە خودی خوێنەر ئاگایانەو بە دیدگایەکی کراوەو گشتگیر و قووڵ شۆڕ بێتەوە بۆ نێو خۆزگەو ئاواتە زاتییەکانی تاکی خودو قولاّیی ناخ و روحییەتی تاکی بەرامبەر.

(( وەکو ئاشکراشە چیرۆکی ڕەمزی زۆر واتا هەڵدەگرێ و ڕەخنەگر ناتوانێ مەبەستی نووسەر ڕاستەوخۆ دەست نیشان بکات، بەواتایەکی تر لێکدانەوەو شی کردنەوەی ڕەمزەکان دەمێنێتەوە سەر جۆری بیرکردنەوەو رادەی رۆشنبیری لەو ڕەخنەگرەی کارەکە دەکات))[1]. دیارە لێرەدا مەبەستی ئەوەیە ڕەمزێك بۆ چیرۆکێك بەس نییە، بەڵکو هەر چیرۆکێکی ڕەمزێك بگرێت ، ئەوا چەندین ڕەمز بەخۆیەوە دەگرێ، بە گوێرەی رادەی رۆشنبیری ئەو کەسەی چیرۆکەکە شی دەکاتەوەو دەخوێنێتەوە.

بەڕای مامۆستا حوسێن عارف (( بەکارهێنای ڕەمز لە چیرۆکدا پاش سالاّنی 1970 بە دواوە زۆر ئاشکراو دیارە، وەکو بەشێك لەتەوژمی نوێخوازی هاتەناوجیهانی ئەدەبی

---

[1] حسن جاف: چیرۆکی نوێی کوردی، ل 65.

کوردیەوە،بێ ئەوەی ئەوەشمان لە بیر بچێت کە پێش 1970 ڕەمز بەکارهاتووە لە چیرۆکی کوردیدا، بەلاّم بەشێوەیەکی سادەو ساکار)) [1].دیارە رای مامۆستا حوسێن عارف ئەوە دەگەیێنێ کەوا بەکارهێنانی ڕەمز دوای سالاّنی 1970 بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە زەبرو زەنگی داگیرکەری عێراق گەیشتبووە چلەپۆپە، بەهیچ شێوەیەکیش دەرفەت بەمرۆڤ نەدەدرا کەوا بەڕوونی ئاشکرا قسەبکات، خەمی دلّی خۆی هەلّرێژێت، بۆیە دەهات بەشێوەی ڕەمز لە چیرۆك مەبەستی خۆی دەردەبڕی.

وەکو لە پێشدا ئاماژەمان بۆ کرد کە پێش سالاّنی ( 1970) ڕەمز بەکارهاتووە، بەلاّم لە ئەفسانە، ئەفسانەش دوورە لە واقیع و لایەنی خەیالّی زیاترە بەسەریدا زالّە، هەروەکو بەکارهێنانی (ئەژدیها) وەك ڕەمزێك بۆ چەوسێنەر، (جالّجالّۆکە) بۆ دواکەوتن و کۆنینە، دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە ئەفسانە بەرزترین و دواقۆناغی ڕەمزە، هەروەکو (عەبدولڕەزا عەلی) دەلّێ (( کاتێ نووسەر دەبینێ هەرروونکردنەوەیەك واقیعەکە دەشێوێنێ پەنا دەبانە بەر ئەفسانە کە بەرزترین قۆناغی ڕەمزە))[2].ئەگەر بمانەوێت ئاوڕێکی دواوە بدەینەوە لە بابەتی ڕەمز، ئەوا دەبێ بگەڕێینەوە و بچینە سەر ( قوتابخانەی سومبولیزم) کەوا لە فەرەنسا سەری هەلّدا.(( ڕەمزییەت ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەیە کە لەسالّی 1880 لە فەرەنسا سەری هەلّدا ، لەکاتی بلاّوکردنەوەی چامەکانی ( مالارمیەو فرلین) ئەو چامانە دەرچوونێك بوون لە قالّبە پتەوەکانی شیعری فەرەنسی چ لە رووی روخسارەوە بێت یان ناوەڕۆك، بەرەو پشت بەستن بەهەست پێش عەقلّ و عونسوری خود- زاتی – پێش عونسوری مەوزوعی)) [3].

دیارە ئەم قوتابخانەیە هەر لەگەلّ پەیدابوون و سەرهەلّدانی دوورکەوتەوە لەو قالّب و کۆت و بەندانەی شیعر کە پێش خۆی هەبوونە، واتە نوویسنی شیعر یا چیرۆك بە شێوازێکی تازەتر ئەویش پەنا بردنە بەر ڕەمزە .

[1] حسێن عارف،لێکۆلینەوەی تەکنیکی چیرۆکی نوێ ،ل9 .

[2] عبدالرظا علی ، الاسطورة فی الشعر السیاب، ص24.

[3] حسن جاف،چیرۆکی نوێی کوردی، ل 95..



هەمدیسان د.عزەددین ئیسماعیل دەربارەی ڕەمزیەت دەلّێ: (( ڕەمزیەت بزووتنەوەیەکی سۆفیانەبوو و بڕوایان بە جیهانێکی ئایدیالی جوان هەبوو ، وا بیریان دەکردەوە کە ئەم جیهانە لە هونەردا دێتە دی و ئەو شەوقانەی خوا پەرستێك لە کاتی نوێژکردن و بیرکردنەوەدا ( تامل) دەیدۆزێتەوە.... شاعیری ڕەمزی لە بەرهەمەکەیدا دەیهێنێتەدی)) . واتە لێرەدا دوورکەوتنەوە بوو لەو جیهانەی کە تێیدا دەژین و بەرەو چوونیان بۆ جیهانێکی تر، واتا چۆن ئێمەی موسلّمان بیردەکەینەوە کەوا بێجگە لەژیانی ئەم زەمینە ژیانێکی تریش هەیە، و ئەو ژیانەی تر ژیانێکی ئەبەدیی یەو بێ بڕانەوە.سیمبولیزم بەوەشەوە نەوەستا بەلّکو (( داوای سڕینەوەی جیاوازی نێوان خودو بابەت و جیهانی ناوەوەو دەرەوەی دەکرد، هەروەها داوای تێگەیشتنی واقیعی دەکرد بەهۆی گشت هەستەکانەوە ( الحواس) و وێنەگرتنی ئەو واقیعە لە هونەرێکدا کە رووخسار و دەنگ و چێژو بۆن و خەون پێکەوە تێکەلّ بکا))[1].

[1] حسن جاف، چیرۆکی نوێی کوردی، ل 95..

## بەشی چوارەم

## سمبول .... تاریفی .... بەكارهێنانی

نووسەران و چیرۆكنووسان هەریەكە بەشێوازێكی جیاواز باسی ڕەمز ئەكەن، بۆیە ئێمەش لێرەدا هەندیٚ لەو بیروڕایانە دەخەینەڕوو كە لەبارەی ڕەمزەوە گوتراون :-

1- جبور عەبدولنوور دەڵێت:(( ڕەمز ئاماژەكردنە بۆ وشەیەك كە دەلالەتە لەسەر هەست پێكراوێك یان هەست پیٚ نەكراوێك، بۆ واتایەكی سنووردار نەكراو بەوردی و جیاواز بەپێی خەیاڵی ئەدیب، خوێنەرانیش لە تێگەیشتنی جیاوازن بەپێی رۆشنبیری و هەست و ناسكیان))[1] یان دەڵێت (( ڕەمز هەمموو هێمایەك یان نیشانەیەكی هەست پێكراو كە شتێكی لەبەر چاو نەبوو بخاتە دیار)) ، ئەم دوو پێناسەیە ئەوە دەگەیێنیٚ كە هەرخوێنەرێك یان رۆشنبیرێك كە چیرۆكێكی ڕەمزی دەخوێنێتەوە، دیارە مەبەستێك یان شتێكی لا دروست دەبێت، كە ڕەنگە ئەو مەبەستە یان ئەو ڕەمزە لەلای چیرۆكنووس خۆی وانەبێت، بەواتایەكی تر تێگەیشتنی خوێنەران لەهەر چیرۆكێكی ڕەمزی پەیوەندی بەڕادەی رۆشنبیری و پلەی مەعریفیان هەیە.

2- سابیر رەشید لە بارەی ڕەمزەوە دەڵێت:(( ڕەمز یاخود هێما كە لە ئەدەبدا پەردەیەكی دیكە بەسەر دەربڕین و مەبەستی نووسەر دادەڕێژێت بە شێواز و هۆكار و ئامرازی جیا جیاوە، كە جاری وا هەیە گیاندارێك یان ئامێرێك یان هەمووشتێك كە لەدونیادا ئەوەی ئێمە بەنامەئلوفی دادەنێین یان بەدەنگی واقیعەوە دەبینین، دەبێتە پەردەیەك بۆ دەربڕینی مەرامو جیهان بینی و فەلسەفە و تێڕوانینی نووسەرەكە  بۆ كەون و ئەدەب و رۆشنبیری، ئینجاش وەكو شێوازی دیكەی بەدەل لە واقیع شێوازی خۆی پێدادەڕێژێت))[2] . دیارە ئەم پێناسەیە لەسەر بنەمایەكی مەجازی دەڕوانێتە ڕەمز، بەڕای سابیر رەشید بەكارهێنانی هێمایەكە یاخود وشەیەك بۆ واتایەكی تر، واتە چیرۆكنووس كە ڕەمزێك بەكاردێنیٚ

(1) جبور عبد النور، المعجم الادبی ، ص 123-124 .

(2) چاوپێكەوتن لەگەڵ سابیر رەشید،  هەولێر، 2000/12/17.



مەبەستێكی تری هەیە كەوا ڕاستەو خۆ دەرینابڕیٚ بەڵكو پەردەیەكی بەسەردا دەپۆشیٚ و خوێنەر دەبیٚ بەدوای مەبەستی ئەو ڕەمزە بگەڕیٚ و دەریبهێنیٚ.

3- د.عیزددین ئیسماعیل دەڵێت: (( ڕەمز كەدەبێت بەوێنە یان بەشێك لەوێنە، واتانیە، بەڵكە بری تیە لە بەرجەستەكردنی ئەو وێنەییەی خۆی لەدەرووندا حەشارداوە، هەروەها ئەو پەیوەندیە تازانەی كە لەنێوان ڕەمزەكاندا دروست دەبن،خۆیان لە خۆیاندا مەبەست نین، بەڵكو بریتین لە وێنەی گۆڕانی دەروونی))[1]. لێرەدا ڕەمز دەبەستێتەوە بەناوەڕۆك ، واتە ڕەمز لەناوەڕۆكدا بەكاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی زیاتر مانای چیرۆكەكەیان فراوانتر بكات و مەودای لێكدانەوەی زیاتر بێت.

4- د. فەرهاد پیربال لە بارەی ڕەمزەوە دەڵێت(( ڕەمز لە دنیایەكی شاراوە یان بیرۆكەیەك كە هونەرمەند بۆ قوڵتر كردنەوەی و جوانكردنی بەرهەمەكی شاردوویەتیەوە، كلیلی كردنەوەشی تەنیا لای خوێنەرە))[2].

دیارە ناوەڕۆكی ئەم پێناسەیەی ( د.فەرهاد) زۆر نزیكە لە ناوەڕۆكی پێناسەكەی ( جبور عەبدولنور)، كەوا دەرهێنانی مەبەستی ڕەمزەكان دەكەوێتە ئەستۆی خوێنەر و دەرهێنانی ڕەمزەكانیش لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت، هەمدیسان پەیوەستە بەڕادەی مەعریفەتیان.

5- پێناسەیەكی تری ڕەمز ئەوەیە(( هەر نیشانەیەك كەواتایەكمان دابێتیٚ یان خەڵكی واتایەكی دابێتیٚ ئەوا دەبیٚ بە ڕەمز، بۆ نموونە( خۆر) كاتیٚ دەبیٚ بەڕەمز كەواتایەكی وەكو ( خۆشی، ئازادی، روناكی) وەرگریٚ، و ڕەمز دانان لە ژێر دەستەلاتی كۆمەڵە، مەرجیش نییە هەمموو كۆمەڵەكە لە سەرمەرجی هەمان وتا رێك كەون))[3] . دیارە ئەم پێناسەیە لەسەر بنەمایەكی زمانەوانی دەڕوانێتە ڕەمز، كەوا مرۆڤ خۆی ڕەمز دادەنیٚ، واتا ڕەمز

(1) د. عزالدين اسماعيل، الادب و فنونة، ص .103 .

(2) چاوپێكەوتنێك لەگەڵ  د. فەرهاد پیربال، 12/18/ 2000 .

(3) د. رەحمان ئیسماعیل،موحازەرەكانی كۆلێژی پەروەردە، 2000- 2001.

نیشانەیەکە بۆ واتایەك کەلای مێشکی ئەو کەسانەدا هەیە کە بەکاری دەهێنن، و واتاکەش خەڵك دایدەنێ.

6- محەمەد مەعروف فەتاح دەڵێت: (( ڕەمز بریتییە لەو نیشانانە کە مرۆڤ بۆ لەیەکتری گەیشتن یان وەکو چەکێکی بیرکردنەوە بەکاریان دێنێ)) هەروەها دەڵێت (( ئەوەی نیشانەو هێما لەیەکیان جیادەکاتەوە ئەویە کە هەموو هێمایەك نیشانەیە، بەلاّم هەموو نیشانەیەك هێما نییە، تەنیا ئەو نیشانانە هێمان کە بۆ یەکتر گەیشتن یان تێ گەیاندن بەکاردێن و رەوشت و داب و نەریتی کۆمەلاّیەتی چەسپاندوونی یان بڕیاری کۆمەڵیان لەسەرە، وەك ( سووربوونەوە) نیشانەی شەرمە، ( دووکەڵ) نیشانەی ئاگرە، ( تا) نیشانەی نەخۆشی یە، ناتوانین بڵێین ( سوربوونەوە) هێمای شەرمە ، ( دووکەڵ) هێمای ئاگرە، ( تا) هێمای نەخۆشییە، چونکە ئەو نیشانانە هێمای کۆمەڵیان پێوە نەنراوە، بوون و نەبوونیان پەیوەندی بەبڕیار و پەسندکردنی کۆمەڵەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ( سروشتی) ی دووکەڵ و ئاگر بەیەکتر دەگەیێنێ))[1] .دیارە ئەم پێناسەیەش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ یان کۆمەڵ ئەم ڕەمز و هێمایانە دادەنێ و بەکاری دەهێنێ و ، دانانی ڕەمزیش پەیوەندی بە کۆمەڵەوە هەیە.

(1) محەمەد مەعروف فەتاح ،زمانەوانی ، ل 43-44.



## بەشی پێنجەم

## ڕەمز... گرنگی... فاکتەرەکانی پەنابردنە بەری... دابەشکردنی......

وەکو ئاشکرایە کە بەکارهێنانی ڕەمز لە چیرۆك یا شیعر..... هتد، خۆی لە خۆیدافاکتەر و هۆکاری بەدواوەیە، کەوا لە نووسەر دەکات کە ڕەمز بەکاربهێنێ و ڕاستەوخۆ بیروڕاکانی خۆی دەرنەبڕێ.

لە بارەی گرنگی ڕەمز ( گراهام هۆ) ئەدەب بەگشتی بەکارێکی ڕەمزی دادەنێت (( ئەدەب بە وشە دروست دەکرێت،و شەش هێمان))[1]، هەروەها دەڵێت (( ئەدەب ئامرازێك بەکار دەهێنێت کە خۆی لە خۆیدا لە ئەنجامی کارێکی تەشکیلیەوە دروست بووە، کەواتە ئەدەب شێوەیەکی ڕەمزیە، بە واتایەکی ناڕاستەوخۆ یا لاوەکی ، چونکە جۆرە رستەیەك لە وێنە ڕەمزیە حازرەکانی بەکاردێنێ کەزمانی پێ دەڵێن)) . وەکو ئاشکرایە ڕەمز بەوشە دەردەبڕێت یاخود دروست دەکرێت، بۆ نموونە ( د. فەرهاد) لە چیرۆکی ( پەتاتەخۆرەکان) دا ( زێڕ) کە وشەیەکە وەکو ڕەمزێك بەکاری هێناوە، کە ئەم ڕەمزە چەندین مەبەست و مەرامی خۆی تێدایە، وەکو ئەو پەرتووکە بەنرخ و بەهادارانە و ئەرشیف و دیکۆمێت.

حەسەن جاف بەلایەوە نووسەر کاتێ پەنا دەباتە بەر ڕەمز کە (( مەبەست دۆزینەوەی وەلاّمە بۆ گرفتەکانی مرۆڤی نوێ و سەر لەنوێ نرخاندنی ئەزموونەکانی مرۆڤایەتییە،لە بەرۆشنایی ئێستایەکی ( حازر) پرژانی گرفتی ژیاریدا))[2]. دیارە مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤی کورد بەتایبەتی بە درێژایی مێژوو موعانات و ناخۆشی و گرفتی زۆری بینیوە، لەهەمان

(1) غرام هؤ، مقالة في النقد، ص 196.

(2) حسن جاف: چیرۆکی نوێی کوردی، ل 103.

کاتدا بۆ دەربڕینی گرفتەکانی پەنای بردۆتە بەر بەکارهێنانی ڕەمز لە نووسین. هەروەها حەسەن جاف لە شوێنێکی تردا دوو فاکتەر بۆ بەکارهێنانی ڕەمز دەست نیشان دەکات:[1].

1- بۆمەبەستی جوانکاری ( ئیستاتیکی) کە دەچێتە خانەی تەکنیکەوە .

2- داپۆشین و شاردنەوەی ئەسڵی مەبەستی نووسەرەکە، بەتایبەتی لەو بارودۆخانەی ڕێی دەربڕینی ڕاستەوخۆی لێ دەگیرێ،واتە لێکدانەوەو شی کرنەوەی ڕەمزەکانی دەمێنێتەوە سەر جۆری بیرکردنەوە و رادەی رۆشنبیری ئەو ڕەخنەگرەی کارەکە دەکات. دەربارەی خاڵی یەکەمی چیرۆکەکانی (د. فەرهاد) بەشی زۆرینەی دەگرێتەوە، کە چیرۆکنووس هەروا بەئاسانی نایەوێ ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان بگرێتەوە و مەغزاکەی دەست نیشان بکات...

هەروەها سلێمان دڵسۆز دەڵێت: (( ڕەمز لە ئەدەبدا لە دوو بارودۆخدا دێتەکایەوە:1- ئەو دەمەی نووسەر لە ترسی سانسۆر ناوێری قسەبکات. 2- کاتێ نووسەر وەکو تەکنیکی پەنا دەباتە بەر ڕەمز))[2]. دیارە بەڕای سلێمان دڵسۆز خاڵی دووەم بریتییە لە شێوە ڕەمزێك و جۆرێکە لە فانتازیا.

دەربارەی دابەشکردنی ڕەمز، ئەوا نووسەر و زمانەوانەکانی ڕاو بۆچوونی جیا جیا یان هەیە لەم بارەوە، ئێمەش لێرەدا هەندێ لەو دابەشکردنانەی ڕەمز دەخەینە ڕوو، لە وانەش مامۆستا حوسێن عارف بەکارهێنانی ڕەمز لە چیرۆکی کوردیدا دەکات بە سێ بەشەوە:-[2]

1- ڕەمزیەتێکی شێوە ئەفسانەیی.

2- ڕەمزیەتێکی تارمایی ئامێز.

3- ڕەمزیەتێکی واقیعی

---

(1) هەمان سەرچاوە ،ل 65.

(2) چاوپێکەوتن لەگەڵ سلێمان دڵسۆز، هەولێر ،2001/1/13.

(2) حوسێن عارف: لێکۆڵینەوەی تەکنیکی چیرۆکی نوێ، ل9



هەروەها جۆرەدابەشکردنێکی دیکە هەیە بۆ جۆرەکانی ڕەمز، ئەویش بەم شیوەیە[3]:

1- ڕەمزی وێنەیی

2- ڕەمزی هۆیی

3- ڕەمزی لەخۆوە

دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە زۆربەی وشەکانی زمان لە جۆری ڕەمز ( لەخۆوە)ن، هەر بۆیە هەندێ پرسیار لە زمان دا هەیە وەلاّم نادرێتەوە، چونکە زمان بەزۆری ڕەمز ( لەخۆوە) بەکاردێنێ، بۆ نمونە لەبەرچی بە ( شێر) دەڵێن شێر، ئایا هیچ پەیوەندییەك یان نیشانەیەك لە نێوان وشەی شێر و (( شێر)) خۆی هەیە ، هیچهۆیەك دیار نیە،بەڵکو کۆمەڵ خۆی لەسەری رێکەوتوون.[1] وەك دەزانین و لە پێشوتردا ئاماژەمان بۆ کرد کە ڕەمز دوای سالاّنی 1970 بە شێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە، لە وانە چیرۆکی (( خواستی جەنگاوەرێکی بابی)) کە تاهیر ساڵح سەعید نووسیویەتی، تیایدا باسی پێشمەرگەیەك دەکات و ویستویەتی دوای (( ئازاری 1970)) چەك دابنێ ، بەلاّم دایکی کە ڕەمزە بۆ دایکی نیشتیمان پێی ئەڵێ چەك دامەنێ، هێشتا کۆتی پێم و زنجیری دەستم لانەبراوە کە ڕەمز بۆ پارچەکانی کوردستان (( سوریا،تورکیا،ئێران))[2] ، هەروەها کاکەمەم بۆتانی یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی کە هەوڵی داوە ڕووداوەکان و مەبەستەکانی بەڕەمز بکات و بیانخاتە پێش چاو ، وەکو چیرۆکی ( تەنگوچەڵەمەی شانۆکە)، کە تیایدا چەند ڕەمزێکی بەکارهێناوە، لەوانە ( جاسم بەخۆی و رەبابەکەی) ، کە هێمایە بۆ عەرەب، ( یەڵماز بەخۆی و تەبورەکەی) کە ڕەمزبۆ تورك ( پیرۆت بەخۆشی و شمشاڵەکەی)) کە ڕەمز بۆ کورد[3].

---

(1) د. ڕەحمان ئیسماعیل : موحازەرەکانی کۆلێژی پەروەردە، 2000-2001

(2) ئیبراهیم فادر محەمەد: کورتە چیرۆکی کوردی لە ساڵی 1970 – 1980، ل36.

(3) هەمان سەرچاوە ،ل38 – 39.

## دەروازەی سێیەم

**ڕەمز و مەغزا لە چیرۆکەکانی (فەرهاد پیربال)دا**





## چیرۆکی پەتاتە خۆرەکان

## 1- چیرۆکی پەتاتەخۆرەکان

ئەم چیرۆکە لە نێوان سالآنی 1995-1996 لە شاری هەولێر نووسراوە ، لەم چیرۆکەدا دەتوانرێ چەندین ڕەمز و مەغزای لێوەدەربهێنین،کە ئەمەش خاسیەتێکی پۆزەتیڤانەی چیرۆکی تازەی کوردیمانە، لەبەر ئەوەی تەنها مەبەستێك لە چیرۆك دا جێگەی نابێتەوە، لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس دوو ( وشە)ی بەکارهێناوە یاخود دوو ڕەمزی بەکارهێناوە ، ئەوانیش ( زێڕ) و ( پەتاتە) کە هەریەك لەم وشانە بۆ مەبەستێکی تر بەکارهاتوون ، واتە لەو دیو ئەو دوو وشەیە یا ئەم دوو (دالە) چەندین مەدلو مانای تری بۆخۆی چاندووە بۆ کۆمەڵێ شتی تر، لەم بارەوە جەلیل کاکە وەیس دەڵێت(( وشەی پەتاتە بۆ خۆی ڕەمزەو چەند لێکدانەوە هەڵدەگرێ، لەلایەکەوە وەك خۆراك هێمایە بۆ سەردەمی برسێتی و قات و قڕی کوردستان و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ ( زێڕ) دا چۆتە نێو هاوکێشەیەکەوە کە هەرگیز هاوسەنگ نابن، بەلآم لەم چیرۆکەدا خالّی ململانێ بەهاکانیان دروست کردووە))[1].

هەروەها جەلیل کاکە وەیس بەردەوام دەبێ و دەڵێت((پێم وایە زێڕەکە بەلای فەرهاد خۆیەوە ئەو زانیاری و بڕوانامەو ئەرشیف سازییەیە کە لەگەڵ خۆیدا هێناویەتەوە،پێی وایە لەو ڕێگەوە خزمەتێ دەکا، بەلآم میلەتی برسی حەوسەڵەی زانست و هونەری لەکوێ بوو؟)) .

هەروەها سلێمان دڵسۆز دەڵێت(( پەتاتەو زێڕ هەردووکیان ڕەمزن و بۆ مەبەستی تر بەکارهاتوون، پەتاتە ڕەمزی پارەیە،زێڕ ڕەمزی ئەو بەڵگەو وێنەو دیکۆمێنتە مێژوویەی کورد ،کە فەرهاد لە مۆزەخانەو ئەرشیف و کەلێن و قوژبنەکانی ولآتان کۆی کردوونەتەوە))[2].

(1) چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل کاکە وەیس ، هەولێر، 2000/11/13.

(2) سلێمان دڵسۆز : خوێندنەوەیەکی سەرپێی چیرۆکی پەتاتە خۆرەکان ،ڕ. برایەتی، 2000 ،ل4.



هەروەها ئەسکەندەر جەلال لەبارەی ئەم چیرۆکەوە دەڵێت (( زێڕ ڕەمزە یا بۆ مەبەستی تر بەکارهاتوون وەکو هێنانەوەی بڕوانامەو ئەرشف و نووسین، ( پەتاتە) ڕەمزە بۆ پارەو پوول و مەبەستی سەرەکی چیرۆك ئەوەیە کە دەردی غەریبی و دووری ولآتی کارێکی وا دەکات سەری مرۆڤی تاراوگە کراو ، تەنانەت دوای گەڕانەوەش نەسڕێتەوە))[1].دیارە وەکو ئەو بیرو ڕایانە بۆمان دەردەخەن کە چیرۆکەی پەتاتە خۆرەکان پالەوانی چیرۆکەکە چیرۆکنووس خۆیەتی، لەم چیرۆکەدا چەندین ڕەمزی بەکارهێناوە ، ئەم چیرۆکە چەندین مەغزا بەخۆوە دەگرێ، گرنگترین ئەو مەغزایانەی لەم چیرۆکە بەکارهاتوون و لە سەرەوەش ئاماژەمان بۆ هەندێکیان کرد لەوانە(زێڕ) کە ڕەمز بۆ هەردوو بڕوانامەکەی ( ماستەر و دکتۆرا) و بۆ ئەو پەرتووك و ئەرشیف و دیکۆمێنت و نووسراوانەی کە چیرۆکنووس لە ولآتانی جیهانی لە جانتاکەی خۆیدا کۆکردبوونەوە،(( جانتاکە وەك فەردەگەنمێك ، پەیتا پەیتا، وردە زێڕی وەك ئاردی زەردی داروشاوەی لێوە دادەرژا، پاشان پارچەی زێڕی گەورەو گەورەتر ئینجا پارچە زێڕی قەبەی بەقەد کەرپووچێك)) (پ،خ،ل 58).پەتاتە کەڕەمزە بۆ (پارە) یان ( خواردن) ، چونکە ئێمە کۆمەڵگایەکی برسین کە دوای ڕاپەڕین خەڵکی زۆر پەرۆشی پارەو پارە کۆکردنەوە ببووین و هەموو شتێکیان لەلاپارە وبژێوی بوو، مەغزای چیرۆکەکە لێرەدا ئەوەیە کە چیرۆکنووس دەیەوێ پێمان بڵێ کە ولآتی ئێمە قەدری زانست و زانیاری و بڕوانامە ناگرێ و تەنها پارەیان لا گرنگە و هەموو شتێکیان هەر پارەیە (( ئەوەتا ، بابە گیان زێڕم بۆ هێناون)) (( ئەم جانتایە هەمووی زێڕە)) (( باوکی هەڵیدایە : یەعنی هیچ پەتاتەت لە خاریج نەهێناوەتەوە؟)) (پ،خ،ل58) .

هەروەها (( گوندە تاعون لێکراوەکە)) کە مەبەستی کوردستانە، و تاعون ڕەمزە بۆ بلآو بوونەوەی هەژاری، فەرەیدوون کە مەبەستی چیرۆکنووس خۆیەتی(( فەرەیدون ئەو کاتەی گوندەکەی خۆیانی جێ هێشتبوو تاعونێکی پیس لە گوندەکەیاندا بلآوببۆوە، خەڵك لە خۆیانەوە دەڕشانەوە))(پ،خ،ل55). ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی فانتازییە، هەروەها دەچێتە خانەی ڕەخنەی ریالیزمی ڕەخنەگرانە، چونکە چیرۆکنووس ڕەخنە لەو خەڵکانە دەگرێ کە

(1) ئەسکەندە جەلال: فەرهاد پیربالّ و شەش چیرۆك کە بۆنی غوربەتیان لێدێ، گ.کاروان،ل110.

قەدری ئەم شتە بە نرخ و دەگمەنانە ناگرن، دەبێ لێرەشدا ئاماژە بەوە بکەین کە یەکەم چیرۆکی هونەریی کوردی ( لەخەوما )ی جەمیل سائیب نووسیویەتی دەچێتە خانەی ڕەخنەی ریالیزمی ڕەخنە گرانە کە لەساڵی 1925 نووسراوە، لەم چیرۆکەدا باسی ئەوە دەکات کە دوای گەڕانەوەی دایکی مردبوو،لەم بارەوە ڕێبوار سیوەیلی وتەیەکی هەیە دەڵێت (( گێڕانەوەی مێژووی بەسەرهاتەکان یارمەتیمان دەدات لە دۆزینەوەی کەسایەتیمان)) کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر سەلماندنی وتەکانمان و چۆنیەتی ڕوونکردنەوەیان.....





## چیرۆکی ڕاکردوو

### 2- چیرۆکی ڕاکردوو

ئەم چیرۆکە ساڵی 1989 لەپاریس نووسراوە،چیرۆکەکە دەچێتە خانەی چیرۆکی فانتازیا، مەغزای چیرۆکەکە دەربارەی لایەنی دڵسۆزیە بۆ خاك و نیشتمان لەلایەن کوردەوە،مەغزاکە ئەوەیە کە کورد زۆر ماندووە و زۆریش ئیش و کار بۆ غەیری کورد دەکات و یارمەتی و هاریکاری نەتەوەکانی تر دەدات، دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە ئەم چیرۆکە باس لەژیانی سەربازی دەکات، بەتایبەتی لە جەنگی نێوان عێراق – ئێران کە کورد چۆن بەشداری لەم جەنگە کردووە، زۆر دڵسۆزی نواندووە بۆ خاك و نیشتمانەکەی خۆی، ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین ئەویش ئەوەیە کە ڕەمز هێمایە،باس لەوە دەکات کە ئەو سەربازە قاچەکی دەڕوات و دەگەڕێتەوە شاری خۆی کە ئەویش ( هەولێر)ە و ،نامەی بۆ دەنێرێ واتا لێرەدا هێمایە بۆ دووکەرت بوونی مرۆڤ کە زۆر بێزارە لەو جەنگەی کە بەزۆر بردوویانە بۆ بەرەکانی جەنگ لەگەڵ ئێران، هەروەها باس لەوەش دەکات کە خەڵکی عێراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی چۆن ئەوەندە ماندوو و بێزارە لە سەربازی کردن بۆ حکوومەتی عێراق، سلێمان دڵسۆز دەڵێت (( چیرۆکنووس وەك تەکنیك پەنای بردۆتە بەر ڕەمز بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر))[1].هەروەها بەردەوام دەبێت و دەڵێت (( ئەم شێوە ڕەمزە جۆرێکە لە فەنتازیا)).

دیارە لێرەدا دەردەکەوێ کە فەرهاد پیرباڵ بەجوانی و بەهێزکردنی چیرۆکەکەی پەنای بردۆتە بەر ئەم جۆرە ڕەمز و بەکاری هێناوە (( بە زووترین کات بگەڕێوە، بۆ خۆمان دەچینە ئەوروپا..!)) (( ئەی قاچە خۆشەویستەکەم لێم ببورە من روحم یەکجار ماندووە.لەوانەیە خۆشت باش هەستی پێ بکەی کەمن لەدەست ژیان و داهاتووی خۆم رادەکەم)) .(ڕاکردوو، ل29).

---

[1] چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سلێمان دڵسوز ، هەولێر، 2001/1/13.



چیرۆکنووس لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە وڵاتی ئێمە وەك دۆزەخ وایە و پڕە لە جەنگ و شەڕ و شۆڕ ، نابێ ئێمە بەخۆشی بژین، ئەسکەندەر جەلال لەم بارەوە دەڵێ(( چیرۆکنووس لە ڕێگەی ئەم چیرۆکەوە دەیەوێ بڵێ : وڵاتی ئێمە ئەو دۆزەخەیە کەتیایدا هەمووومان ئەگەر بەختەوەربین لە ناودەچین... دەبێ سەقەت و کەم ئەندام بین بۆیەشە لە ڕێگەی ئەو چیرۆکەوە سۆنگەی پەڕاگەندەیی خۆی بەئەوروپا رادەگەێنێ))[1]. ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە وڵاتی ئێمە بەڕای ئەو وەکو دۆزەخ وایە، پێویستە رابکەین و وێنای نەمێنێ، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا دەبێ ئاماژە بەوەبکەین کە فەرهاد پیرباڵ ئەوروپاش بە دۆزەخ دادەنێ و دەڵێت ((ئەوروپا ئەو چلپاوە رەشە سادەیە کە رامبۆ سەد ساڵ پێش ئێستا لەدەستی رایکرد))[2] .

ئەم چیرۆکە دەچێتە ناو خانەی ڕێبازی ئەدەبی ریالیزمی ڕەخنەگرانە کە ڕەخنە لە حکوومەتی عێراق دەگرێ کە ئەو هەموو شەڕ و جەنگەی تیادا بەرپا کردوو و وڵاتەکەی ئیدی لەم جەنگە بێزار بووە توانای تەحەمولی چیتری نەماوە ، پێویستی بەگۆڕان هەیە .(( من دەم ویست بزربوونی قاچم بکەم بەهەنجەت بۆ ئەوەی نەمنێرنە سەنگەری شەڕ،وتم، گەورەم ئەم قاچەم گوللەی پێ کەوتووە،جگەلەوەش زۆر ناشیرنە)) (ل 2).

---

(1) ئەسکەندەر جەلال، فەرهاد پیرباڵ ..... گ. کاروان ، 1999، ل 108.

(2) فەرهاد پیرباڵ : نامەیەکی کراوە ، ڕ. نیشتمان ، 1993 ، ل5.

## چیرۆکێکی زۆر درێژی تراژیدی

### 3. چیرۆکێکی زۆر درێژی تراژیدی:

ئەم چیرۆکە کە لە پێنج وشە پێکدێ ، چیرۆکێکی تەواو ڕەمزیە و یەکێکە لە چیرۆکە نوێگەرەکانی (فەرهاد پیربالّ)، گەیشتن بە مەغزایەکی دیاری کراو بۆ چیرۆکەکە، دیارە زۆر زەحمەتە، چونکە ئەم چیرۆکە دەتوانێت چەندین مەغزا و ڕاو بۆچوونی جیاواز بەخۆیەوە هەڵگرێ، بۆیە دەتوانین بۆ دەرهێنانی مەغزا و سونبولی ئەم چیرۆکە چەندین جۆر خوێندنەوە دانێین:

**پیاوێك ...**

**ژنێك ....**

**دوو جۆر تەنیایی ....** ( ل 49)

خوێندنەوەی یەکەم/ دەتوانین بڵێین کە پیاوێك لە هەندەران و ژنێك لە زێددایە، بیری یەکتر دەکەن و هەست بە تەنهای دەکەن.... یان دەتوانین بەپێچەوانەی دابنێین.

خوێندنەوەی دووەم / پیاوێکی ڕۆژهەلاّتی و ژنێکی ڕۆژ ئاوایی لە نێو پڕۆسەی سێکس دان و ئارەزووە هەڵچووەکانی ناوەوەیان دادەمرکێتەوە، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە تەنهایی خۆیان (ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا) بەم پڕۆسە زایەندییە لە بیرخۆیان دەبەنەوە.... ئەوەی پاڵپشتی ئەم خوێندنەوەیە دەکات ، ئەم بۆشاییانەیە کەوا لە نێوان هەرپێنج وشەی دەقەکەدا بەجێ هێڵدراوە .... ئەمەش لە خاڵبەندیدا زیاتر بۆ ئەم مەبەستە زایەندییە بەکاردێ، دەتوانیین ئەم بۆچونە لەمەڕ دەربڕین... دواتر دیمەنە زایەندییەکان نابێ وا بەئاشکرا دەربخرێن، بۆیە نووسەر بەم شێوەیە دەقەکەی خۆی تەرح کردووە و سەرکەوتووش بووە لە بەرجەستەکردنیدا.

خوێندنەوەی سێیەم / دەتوانین بڵێین پیاوێك و ژنێك لە چاوەڕوانی یەکتری دان و هێندە چاوەڕ وانی یەکتریان کردووە، تاکو بێ ئومێد بوونەو هەستیان بەتەنهای کردووە.... لەوەی کەناتوانن بگەڕێنەوە بۆلای یەکتری.... یا....یا.... هتد.





ئەوەی شایانی ئاماژەپێ کردنە ناونیشانی چیرۆکەکە لەگەڵ ئەو خوێندنەوە جیاوازانەدا تا ئەندازەیەکی زۆر دەگونجێ....

هەروەها ئەم سپێتیەی سەرکاغەزی چیرۆکەکە دەتوانێت دەیان یاخود هەزاران ئاستەنگ و فاکتەر و نائومێدی و تێکچونی شیرازەی خێزانی ,....و.... بخوێنێتەوە. ئەم چیرۆکە تەواو چیرۆکی ڕەمزییە، کە چیرۆکنووس لێرەدا پەنای بردۆتە بەر ڕەمز بەمەبەستی (( دۆزینەوەی وەلاّمەکان بۆ گرفتەکانی مرۆڤی نوێ و سەرلەنوێ نرخاندنی ئەزموونەکانی مرۆڤایەتییە، لەبەر رۆشنایی ئێستایەکی ( حازر) پڕژانی گرفتی ژیاریدا))[1].

ئەم چیرۆکە واقیعێکی ژیانی کوردەواری خۆمان دەسەلمێنێ، چونکە ئەدەب بەگشتی و چیرۆك بەتایبەتی تەعبیر لەژیان دەکات.

[1] حەسەن جاف: چیرۆکی نوێی کوردی، 1985، ل 103.





چیرۆکی گولاڵە کێویلەکانی کۆتەڵ

## 4- چیرۆکی گوڵاڵە کێویلەکانی کۆتەڵ

ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە چیرۆکنووس لە تاراوگە لە ساڵی 1998 لە پارس نووسیویەتی، کە چەندین خاسیەتی تاراوگەیی پێوەندراوە وەکو (( فانتازیا، ڕەمز، مەنەلۆگ، فلاش باگ.... هتد)) ،ئەم چیرۆکە ڕەمزە بۆ پەیامی ئەڤینداری و خۆشەویستی ، دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە چەندین جۆر خۆشەویستی هەیە، هەندێ جار ئەو خۆشەویستیە لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ دایە، واتە لەنێوان ژن و پیاو، بۆ مەبەستی تێرکردنی غەریزەی جنسی ، هەروەها خۆشەویستی لە نێوان پیاو و پیاودا ، مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و گیانلەبەر. لەم بارەوە (د. ئیبراهیم قادر) دەربارەی خۆشەویستی دەڵێت: خۆشەویستی مرۆڤ لە ناخی دایە هەروەك چۆن پێوستی بەخواردن و خواردنەوە هەیە، پێویستی بەخۆشەویستی هەیە[1].

لێرەدا گرنگی خۆشەویستیمان بۆ دەردەکەوێ و لەهەمانکاتیشدا دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە گەورەترین خۆشەویستی ئەوەیە کەمرۆڤ ولاّت ونیشتمان و نەتەوەکەی خۆش بوێ، و تێڕوانینێکی ئاینیانە لێی بکۆڵێنەوە ئەوا خۆشەوستی دەگۆڕێ، ( خۆشەویستی خوای گەورە ، پێغەمبەر، دایك وباوك....) ئەم چیرۆکە پڕ لەڕەمزە لەوانە ( ئیبراهیم پاشا) ( مەعمەلی سەهۆڵەکە)، کە ڕەمزو هێمایە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە لەگەڵ ( شادان) ی خۆشەویستەکەی دوا شوێنی جێگەی ژوانیان بوو لەلای ( مەعمەل سەهۆڵەکە) ( ئیبراهیم پاشاش) کە شەقامێکی درێژ بوو پیاسەیان لەو شەقامە ئەڤیندارییەدا دەرکرد و حەو ئارەزووەکانی ناوەوەی خۆیان بۆ یەکتر دادەڕشت(( ئەوەتا وا سەر لە نوێ ( ئیبراهیم پاشا) و ( مەعمەلی سەهۆڵەکەوەدیار دەکەونەوە..... ئەوەتا!)) (ل 140) .دیارە چیرۆکنووس گوڵاڵە کێویلەکانی کۆتەڵی وەك ڕەمزێك بەکار هێناوە ، بەلاّم چ جۆرە ڕەمزێك، ڕەمزێك

[1] ئیبراهیم قادر محەمەد ، کورتە چیرۆکی کوردی لە ساڵی 19070- 1980 ، نامەی دکتۆرا، 1997، ل 189.



بۆ ئەو ڕۆژەخۆشەی کە چیرۆکنووس لەکۆتەڵ گولالە کێویلەکەی دایە خۆشەویستیەکی ( شادان) و هەر ئەم ڕۆژە بوو کەماچی کرد، دیارە وەکو ڕەمزێك خۆشەویستی و ئەڤینداری یادگاریەك چیرۆکنووس بۆمانی دەگێڕێتەوە(( ئەو گوڵاڵە کێویلانەی کە هەمیشە ( شادن) دڵێك هەزار سەودا شەیدایان بوو، دەیگووت: ( کە ئەو گوڵاڵە کێویلانە دەبینم ، هەمیشە ڕۆژی گەشتەکەی کۆتەڵم وەبیردێتەوە)) (( ئەو رژەی کە بۆیەکەمین جار یەکترمان ماچ کرد)) (ل 141).

دەربارەی مەغزای چیرۆکەکەش ، کەوا لەمیانەی پیشاندانی چیرۆکی ئەویندداری دوودڵدار چەندین کێشەو زوڵم و ستەمی گەورە پیشاندەدەن کەوا لەکورد کراوە، لەوانە لێدانی گازی کیمیایی تۆپ باران و ..... تاد.(( هێزی حکوومەت جێگای پێ تەنگ کردین، بەگازی کیمیاوی و تەیار و بۆمب راوەدوویان ناین بەرەو دۆڵ و کێوەکانی لای بادینان)) ل (141).

ئەمەی سەرەوە مەغزایەکەیە ، بەلاّم رووخان و بێ ئومێدبوونی پاڵەوانی چیرۆکەکە ، کەوا هاوکێشەکە دەگۆڕێت و دەتوانین ئەم خوێندنەوەی بۆ بکەین:-

لە سەرەتا پاڵەوانەکە ( ئەڤیندارەکە) کە ( شادان) ی زۆر خۆش دەویست ، بەلاّم لە پێناو خۆشەویستی و رزگاری نیشتمان و ولاّت، وازی لە خۆشەویستی ( شادان) هێنا، کە ئەمەش مەغزایەکی تێدایە و ناڕاستەوخۆش پێمان دەڵێ: کە خۆشەویستی نیشتمان لە سەرووی هەموو خۆشەویستییەکە، بەلاّم لە دوایدا کە پاڵەوانەکە بێ ئومێد دەبێ و بڕوای بە شۆڕش نامێنێ، ئەوا هاوکێشەکە پێچەوانە دەکاتەوە، بەلاّم مانای ئەوەنییە کە مرۆڤ لە بەردەم زوڵم و زۆری و زۆرداری داگیرکەر دەستەووەستان بێ،نەخێر، چونکە گەڕانەوەی پاڵەوانەکە لە چیا بۆ ناو شار مەغزایەکی تری چیرۆکەکەیە، چونکە پاڵەوانەکە سەرەتا لەکۆلێژ قوتابی بووە، واتە رۆشنبیر بووە ، بەقەڵەم خەباتی کردووە...... بەلاّم دوایی دەستی بە خەباتی چەکداری کردووە ، پێی وابوو پێویستە لەم قۆناغەدا خەباتی چەکداری بێتەکایەوە، بەلاّم کەشکستی هێنا و گەڕایەوە مانای ئەوەیە کە ئێستا سەردەم و قۆناغی قەڵەمە نەك چەك، پێویستە کورد رۆشنبیری باش دورست بکات و بیرمەندییان تێدابێ، لەبەرئەوەی ئەم سەردەمە شەڕ و جەنگ زیاتر بەبیرە نەك بە چەك......



چیرۆکی شیزۆفرینیا



## 5- چیرۆکی شیزۆفرینیا

ئەم چیرۆکە لەساڵی 1998 بلاۆبۆتەوە، ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی نوێ و تازەیە دەربارەی ئێمەی کورد،چونکە چیرۆکی لەم جۆرە لە پێش (فەرهاد پیربال) نەبووەو بەم شێوەیە نەنووسراوە، ئەم چیرۆکە ( 15) لاکێشەیە، هەر لاکێشەیەك ژمارە خۆی هەیە، د. عادل گەرمیانی دەڵێت (( چیرۆکی شیزۆفرینیا باشترین شتی نموونەیی هێناوەتە ئاراوە کە ( 15) لاکێشە ( پارچە) یە)) [1].

دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین کە چیرۆکنووس بۆ ئەو ناونیشانەی بۆ ئەم چیرۆکە داناوە ، چونکە وەکو دەزانین شیزۆفرینیا نەخۆشییەکی ژیری یە ( شێتی) ، بیرکردنەوەو رەوشت و ویجدان و جارجارەش هەستی ئەو کەسە تێك دەدات و دەی شێوێنێ)) [2].

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئاماژەی پێ بکەین ئەویش ئەوەیە کە ناوەرۆکی چیرۆکەکە پەیوەندی بەو ( شیزۆفرینیا ) هەیە یان نا؟ (د. عومەر پەتی) کە پسپۆڕە لە بواری دەروون زانی لە بارەی ئەم چیرۆکەوە دەڵێت (( ناونیشانی چیرۆکەکە خۆی لەخۆیدا ناونیشانێکی دەروونیە ، ناوەڕۆکی چیرۆکەکەو لەزۆر شوێنی دا چەندان نموونە ڕووداوی دەروونی دەخاتە ڕووبەرچاو لەوانە ( لەتابلۆی-4-) دا هەموو هەڵسوکەوتەکانی بەختیار لەگەڵ ناونیشانی سەرەوە یەك دەگرنەوە، وای پیشان دەدات کە نەخۆشی شیزۆفرینیای هەیە، ( شەوێك — دوای ئەوەی بۆ دووەم جار کە لەپۆلیسی پەناهەندانەوە رەفزی بۆ هاتەوە... هەرچی جامخانە و دوکان و مەخازنەکان هەبوو،..... بەئاسنێکی درێژ وردو خاشکرد، بۆ بەیانی بەختیار.... دەیوت من شتی وام نەکردووە ، ئاگام لەهیچ نەبووە)) (ل 68) هەروەها لە تابلۆی 6- دا دەڵێت ( پڕبەدڵ حەزدەکەم بگەڕێمەوەباوەشی دایکم) لێرەدا پێویستی بەهەست و سۆزی دایکایەتییە ئەمەشیان لایەنێکی تری دەروونییەو زۆر گرنگە، چونکە

---

[1] د. عادل کرمیانی : ملامح التجربیة في مجموعة قصص اکلو بطاطا، جریدة خەبات، 2000 ، ص 8 .

[2] جەلال خەلەف: نەخۆشیە دەرونییەکان ، 1986، ل 162.

باوەشی دایك دڵگیرترین شوێنە بۆ منداڵ رۆڵە))[3] . مەغزای چیرۆکەکە ئەو شەڕە دەروونیەی لەگەڵ پاڵەوان دەکرێت لە رێگای نەدانی ئیقامە کە ئەو ماوە زۆرەی لەو شوێنەدابووە، پاڵەوانی چیرۆکەکە کەناوی ( بەختیار)ە تووشی نەخۆشی ( شیزۆفرینیا) دەبێت، چیرۆکنووس لە رێگەی ئەو چیرۆکەوە دەیەوێ پێمان بڵێ کە وەزع و بارودۆخی کورد چۆنە کە سەرەتا دەچێتە دەرەوەو تووشی چەندەها گیروگرفت دەبێ،( بەختیار) ڕەمزە بۆ هەموو هاوڵاتیەکی کورد ،کاتێ دەچێتە دەرەوەی وڵات داوای ئیقامەدەکات.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین کە ئەم چیرۆکە نەك هەر بە ( 15) لاکێشەیە تەواودەبێ ، بەڵکو دەتوانین دەیەها لاکێشەی تریشی بۆ زیادبکەین و هەربەردەوام بین لەسەری. کە ئەمەش یەکێکە لەو شێوازانەی کە چیرۆنووس گرتوویەتیە بەر لەو چیرۆکەدائەسکەندەر جەلال پێی وایە کە ئەم چیرۆکە تەکنیکەکەی دەچێتەوە سەر رێبازێك پێی دەڵێن موستەقبەلی ( فوتورسیم) و یەکێك لە بنەماکانی ئەم ڕێبازە رەتکردنەوەی ڕابردووە بە هەمووشێوەیەك)) [1]. دەبێ لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین کە نووسەرانی پێش (فەرهاد) باسیان لە شیزۆفرینیا کردووە لە چیرۆك و ڕەنگی داوەتەوە، لەوانە رەئوف حەسن لە چیرۆکی ( سبەینێ باوکت دێتەوە) کە باسی بەرێوەبەری کارگەیەك دەکات تووشی شیزۆفرینیا بووە، خۆی لێ دەبێت بەدووکەس و کرێکارێکی زۆر چالاك لەو کارگەیە دەردەکات)) [2].وەك لە پێشدا باسمان کرد کە ئەو شێوازەی چیرۆکنووس بەکاری هێناوە لە نووسینی چیرۆکەکەدا لە پێش خۆیانە نەبووە و بەکار نەهاتووە، بۆیە ئەو شێوازەی نووسینی دەچێتە سەرخانەی رێبازی دادایزم کە بە هەمووشێوەیەك دوور کەوتنەوە بوو لە شێوازی کۆن وپێش خۆیان (( دادایەکان جەختیان دەکردە سەرخەون وبێ ئاگایی، داهێنانی تەکنیك و شێوازی تازە و دوورکەوتنەوە لە تەکنیك و شێوازی باوی پێشوو ))[3].هەروەها

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عومەر پەتی ، کۆلێژی پەروەردە، 2000/11/7 .

[1] ئەسکەندەر جەلال ، فەرهاد پیرباڵ و شەش چیرۆك کە بونی غوربەتیان لێدێ ، گ. کاروان، ل 109.

[2] حسن جاف، چیرۆکی نوێ ی کوردی ، 1985، ل .87.

[3] د. فەرهاد پیرباڵ ،موحازەرەکانی کۆلێژی پەروەردە، 1999 .



ئەم چیرۆکەی چیرۆکنووس ڕەمزێکی زۆر گەورەی تیایە، ئەویش هێنانەوەی دێرە شیعرێکی (نالی)یە:

درونی لدار الشار زور و بردە
کفرمیسکی گرم الی او سردە (پ.خ. ل 68)

دیارە ئەمە لەگەڵ ئەوەی کەوەکو ڕەمزێك بەکارهاتووە، لەهەمان کاتدا ڕاستیەکیش دەسەلمێنێ کە ئێمەی کوردیش شاعیری زۆر گەورەمان هەیە، ( نالی) کە ڕەمزە بۆ گەورەی شاعیرانی کورد و سێکوچکەی بابان و شیعرەکانی تائێستاش بەهاو نرخی خۆیان ماوەو تائێستا شیعرەکانی لە گوێی خەڵکدا دەزرینگێتەوە.

هەروەها ئەگەر سەیری گۆشەی ( 6) بکەین لە چیرۆکەکە ئەوا دەبینین ڕەمزێکی زۆر جوانی تیایە ئەویش ( باوەشی دایك ) کە دوو هێمای هەیە ، لەوانە یەکەکیان ڕەمزە بۆ کوردستان کە حەزئەکات بگەرێتەوە بۆ باوەشی خاکی پیرۆزی کوردستانەکەی خۆی،دووەمیان ڕەمزە بۆ باوەشی دایکی و هەست و سۆزی دایکایەتی پێویستە.....

ئەگەر سەیری ئەم ڕستەیەی ناو کەوانە بکەین (( ئەوان بوون چارەنووسی منیان توش ئێرەکرد)) ل 73. ئەوا دەبینین هێماکە ئاماژەکردنێکە بۆ ڕاستیەکی واقعی ژیانی کوردستانی عێراق، ئەویش ( شەڕی برا کوژییە) ، دیارە ئەم شەڕەش کاریگەری زۆری هەبووە بەسەر خەڵکی کوردستان و تووشی بێزاربوونی کردن لە ژیانە و ناچاری کردوون کە رووبکەنە هاندەران و ژیانی تاراوگەیی......هەمدیسان دەبێ ئاماژە بەخاڵێکی زۆر گرنك بکەین ، ئەویش ئەوەیە کە هەرچەندە ئەو شێوازی چیرۆکنووس بەکاری هێناوە لە چیرۆکەکەیدا نوێ و تازەیە دەربارەی ئێمەی کورد ، بەلام ئەو شێوازەی چیرۆك نووسین لە وڵاتانی ئێران ویابان و فەرەنسا هەیە، بۆیە دەکرێ بوترێ چیرۆکنووس لاسایی ئەوانی کردۆتەوە، بەشێوەیەك کەوا لەگەڵ باری ئەدەبی کوردیمان بگونجێ......

## 6ـ چیرۆكی پەناهەندە

ئەم چیرۆكە لە سالّی 1992 لە پاریس نووسراوە، چیرۆكەكە باس لەكوردێكی پەناهەندەیی دەكات ، كە (10) مۆز دەخوات و پەلكەكانی فڕێ دەداتە سەرشۆستە، گێڕانەوەی ئەم (10) مۆز خواردنە لەلایەن گارسۆنەكە ، پاشان خاوەن گازینۆكەو پۆلیس و ڕۆژنامەكان و تەلەفزیۆنەكان ئەمەیە ناوەڕۆكی چیرۆكەكە.

وەك دەزانین دوورەولآتی بۆ هەموو كەسێك شوێنێكە كە ( تاكە)كەی دەتوانێن بەئازادی بنووسێ و ئیش و كار بكات، بێ ئەوەی بترسێ و بیرلەوە بكاتەوە كە بیگرن و سزای بدەن یا لەناوی ببەن، مەغزای ئەم چیرۆكە ئەوەیە كەباس لەژیانی پەناهەندەیی كورد دەكات كاتێك كەژینگەكەی خۆی بەجێ دەهێلّێ و ڕوودەكاتە ژینگەیەكی تر بێ ئەوەی شارەزاییەكی ئەوتۆی هەبێ لە چۆنیەتی ژیان و شارستانیەتی ئەم ژینگەیە، دیارە كەئەمەش تووشی زۆر گیروگرفتی دەكات، چونكە ئەو تاكە یاخود ئەو مرۆڤە شارەزا نییە، بۆیە لەوانەیە شتێك بكات لەلای ئێمە سەرپێچی نەبێ بەلآم لەلای ئەوان سەرپێچی بێت، ئەم مۆز خواردنەو پەلك فڕێدانەی پەناهەندەكوردەكە دیارە بەئەنقەست و هەروا ئەم پەلكانەی فڕێ نەداوە ، بەلّكو زیارت پەیوەستە بە ناشارەزایی ئەو پەناهەندەیە، وەكو دیاریشە كە سەرەتا پەناهەندەی كورد كە دەچێتە دەرەوە تووشی نائومێدی نامۆی و بێزاربوون دەبێ، و دەبێ ئاماژەش بەوەبكەین كە (( مرۆڤی كورد یا هەر مرۆڤێكی تر كە دەچێتەدەرەوە و غوربەت و هەندەران، ناسنامەی خۆی لە دوورەولآتدا ون دەكات، بۆیە ناچاردەبێ بۆ دروست كردنی شەخسیەتی خۆی لە سفرەوە دەست پێ دەكات)) [1] .

[1] فەرهاد پیربالّ ، نامەیەكی كراوە ، ڕ. نیشتمان ، 1993 ، ل5ٍ..





ئەسكەندەر جەلال دەربارەی ئەم چیرۆكە دەڵێت (( لە ڕێگەی ئەم چیرۆكەوە ویستراوە دووشت بوترێ1- وەكو كردە كردەیەكی وا غەریبە لە كردەی وەكو شێت یان نەشارەزا ....... ، ئەمە جگەلەوەی گەر بەئەنقەست وای نەكردبێ هەروەكو ناویشی دەبەن كەسێكە شێت بووە، ئەمەش لەوەرەسی و بێ زارییە،2- لە ڕێگەی ئەو هەموو دوپاتكردنەوەیە چیرۆكنووس ویستوویەتی حاڵەتێكی بەراورد بداتە حاڵەتەكەی خۆی ، واتە لەنەوتراودا دەتوانین ئەوە بخوێنینەوە كە دەڵێت : ئێمە بەبەردەوامی ئەوە حاڵمانە ئەوەش مێژوومانە ....)) . لێرەدا ئێمە هەرگیز بەشێتی ناوی نابەین، بەڵكو حاڵەتێكی بێزاری پیشان دەدەن و بەس، خاڵێكی تر كە گەركمانە بڵێین ئەویش ئەوەیە كە ئێمە بەردەوام هەڵەدەكەین ، كەچی لە هەمان كاتیشدا سوود لە هەڵەكانمان وەرناگرین.

دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو دووبارەكردنەوەش بكەین كەوا وەكو هێمایەك بەكارهاتووە، ئەویش خستنەڕووی دەردی غەریبی ئێمەی كوردە كە هەر تامەزرۆی دەرەوە و هەندەرانین، هەروەها مەبەستیش لەم دووبارەكردنەوەیە بەدەست هێنانی شێواز و فۆڕمێكی نوێ یە كە گوزارشت لە چیرۆكی تازە بكات بەتایبەتی چیرۆكی تاراوگە سیمایەكی تاراوگەیی بداتێ ....

هەروەها ئەم بەسەرهاتەی ئەم پەناهەندەیە كە لەشاری ( میوونخ) دیارە لێرەدا هێمایەكە بۆ هەموو پەناهەندەیەكی تری كورد كە لە دەرەوە ی وڵات تووشی یا ڕووبەڕووی دەیەها گێروگرفت و شتی ناخۆشی دەبێتەوە، ئەم چیرۆكە دەچێتە خانەی داهاتووخوازی كە دابڕانە لەو شێوازو دابوونەریتوو ڕێسایەنەی كە پێشتر هەیبوو...





## 7. چیرۆکی پەراوێزەکانی ئەوروپا

ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە لە نێوان ساڵانی 1993-1999 نووسراوە، ئەم چیرۆکە باسی کوردێك دەکات لە ئەوروپا ، کە ناوی ( کوردۆ) یە ، چیرۆکی پەراوێزەکانی ئەوروپا کە تیایدا چیرۆکنووس چەندین پەراوێزی بەکارهێناوە، بەشێوەیەکی زۆر جوان و رێك و پێك ئەم پەراوێزەی لە شوێنی مەبەست داناوە ، لەم بارەوە د. عادل گەرمیانی دەڵێت (( ئەم چیرۆکە پەراوێزی زۆر بەجوانی بەکارهێناوە، و ئەمەش شتێکی نوێ یە))[1].

هەروەها شوکر سلێمان لەبارەی ئەم پەراوێزەوە دەڵێت (( ئەو پەراوێزانەی چیرۆکنووس بۆ چیرۆکەکەی داناوە، ناکرێ بڵێین شێوازێکی سەرکەوتووە ،چونکە ئەگەر پەراوێزەکانیشی نەبوایە ، شتەکان ئەوەندە شاراوە نەدەبوون لای خوێنەر ، من لام وایە ئەو پەراوێزانە جۆرێکن لە بێزارکردنی خوێنەر )) [2].

ئەگەر بە وردی سەیری ئەم دوو ڕاو بۆچوونەی سەرەوەبکەین ئەوا دەبینین تەواو پێچەوانەی یەکترن، بەڵام بەڕای ئێمە بوونی پەراوێزەکان شتێکی خراپ نییە، بەڵکو وەکو زانیاری گشتی وایە کە چیرۆکنووس بەکاری هێناوە، ئەمەش دیارە شتێکی نوێیە دەربارەی ئێمەی کورد.

مەغزای چیرۆکەکە دیارە کە دەردەکەوێ ڕەفزکردنەوەی ژیانی ئەوروپایە ، چونکە ئەو کوردانەی دەچنە دەرەوەی وڵات و نیشتمان و زێدی خۆیان بەجێ دەهێڵن ، دیارە هەرگیزاو و هەرگیز ئەو شوێن وپایەو کارانەیان دەستناکەوێ کە لە کوردستان بۆیان دەستەبەردەبێ ،

---

(1) د. عادل کرمیانی، ملاح التجربیة في مجموعة قصص اکلوا بطاطا ، جریدة خەبات 2000 ، ص، .8.

(2) شوکر سلێمان ، هەندێ پەراوێز بۆ پەراوێزەکانی ئەوروپا ، گ. رامان ، 2000 ، ل 84.



بۆیە کوردۆی پاڵەوانی چیرۆکەکە هەمیشە لەپەراوێزدا دەژی ، کوردۆ کە لە شارستانیەتێك و کەلتورێکی ڕۆژهەلاتیەوە چۆتە نێو کەلتورێکی تر کەوا ڕۆژئاواییە، لەهەمان کاتدا ئەو کەلتورە کەوا هاوشانی ئەونییە، بۆیە هەمیشە خۆی لەپەراوێزدا دەبینێتەوە، کورد لەم بارەیەوە لە مێژە گۆتەنی (( بەرد لە جێگای خۆی سەنگینە)) ، بۆیە هەمیشە کوردۆ نامۆییە، لە گەڵ ئەوەش هەرخودی خۆی نامۆیە ، هەمدیسان ( کوردۆی پاڵەوان هەرخۆی نامۆ نییە لە دەرەوەی وڵات ، بەڵکو تاکی دانیمارکی لە نێوان وڵاتی خۆیان نامۆن). (ل5) لە گەڵ ئەوەشدا تاکی کورد و ڕۆژهەلاتی بەگشتی ئاوات خوازە.هەروەها شوکر سلێمان دەڵێت(( مەبەستی چیرۆکنووسمان بۆ دەردەکەوێ لە سەرەتاوە دەیەوێ دووپێوەندی کۆمەلایەتی و دووجۆر کەلتور دووجۆر تێڕوانین لە بۆتەی کەسایەتی ( کوردۆ) و (بێرگێت) دا بەراوردبکات و چۆنیەتی واقیعی ژیانی ئەوروپا و ژیانی پەناهەندەی دەربخات و پێمان بڵێ بەرد لە جێگای خۆی سەنگینە، ئەوەی واش بیر لەئەوروپا دەکاتەوە کە بەهەشتێکە ، بۆخۆی وابا کوردۆی پاڵەوانی پەراوێزەکانی ئەوروپا بکاتە ئاوێنەو خۆی تێدا ببینێتەوە)) [1].

گرنگترین ئەو ڕەمزانەی کەلەچیرۆکەکەدا بەکارهاتوون، بریتی یە لە، کوردۆ، کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، لە هەمان کاتیشدا ڕەمزە بۆ کوردۆ بەتایبەتی بۆ هەموو ئەو کوردانەی کە وڵاتی خۆیان بەجێ دەهێڵن و روو دەکەنە ئەوروپا، کە لە وێشدا رووبەڕووی چەندەها گێروگرفت و کێشە دەبنەوە.

گەر سەیری مەغزای ئەم چیرۆکە لەگەڵ چیرۆکی ( پەناهەندە) بکەین ، ئەوا دەبینین زۆر لەیەك نزیکن، هەردوو چیرۆکەکە باسی کورد دەکات لە ئەوروپا کە چۆن تووشی ئەو هەموو ناخۆشی و دەردەسەریە دەبێتەوە، و دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کە یەکێك رووده‌کاتە ئەوروپا ، پێویستە لە سفرەوە دەست پێ بکات، نەبادا وەکو کوردۆ زوو بەشتان باوەڕبکات و هەڵ خەڵەتێ، کە لەگۆشەی یەکترناسین و ئاگاداریدا کاتێ کە دەیخوێنێتەوە، باوەڕدەکات و تووشی ئەم هەموو ناخۆشی و گیرگرفتە دەبێ، بۆیە لە کۆتایشدا بە

---

(1) شوکر سلێمان ،هەندێ پەراوێز بۆ پەراوێزەکانی ئەوروپا،گ. رامان، 2000، ل 84.



نائومێدی بەناچاری بڕیاردەدات لەگەڵ ( بێرگێت) ی پیرەژن بمێنێتەوە (( لە دڵـی خۆمـدا وتم: قەیدی چـییە؟ زۆربــەی برادەرەکـانم، مەغدیـد و ژیلـوان و عەبـدوڵڵا و سـامان.... هەموویان لەگەڵ پڕوپیرەژنی پەنجاو شەشساڵی دەژین، منیش باوا بکـەم، ((هـیچ نـەبێ فێربوونی زمان.... تەواو.... لە گەڵیدا دەژیم ... )) (ل 21) موکەڕەم تاڵەبانی لە بارەی ئەم چیرۆکە دەڵێت ((شتی نوێ لەم چیرۆکەدا ئەوەیە پەراوێز نووسینە، لە هەندێك شوێندا ژمارەیەکی داناوە و لە پەراوێزەوە زۆرتر روونی کردۆتەوە ، ئەمەش لە چـیرۆکی کوردیـدا نوێ یە)) [1].

ئەوەی لێرەدا جێگای ئامـاژە بۆکردنـە کـە ئـەم چـیرۆکە بەسـەرهاتێکی ڕاسـتەقینەی پەناهەندەیەکی کوردی کوردستانی عێراقە، دیارە چیرۆکنووس لە رێگـەی ئـەم چـیرۆکەوە چەند پەراوێزێك لە پەراوێزەکانی ئەوروپا کە مرۆڤی کورد لە چەند کێشەیەکی جۆراو جۆر رووبەڕووی دەبێتەوە باس دەکات ((ئاخ، لەوەدەچێ ئێمەی جیلی گەنجی ئاوارەی ئەوروپا ، هەموومان هەرپەراوێز بین : پەراوێزەکانی ئەوروپا )) (ل 21).

---

[1] موکەڕەم تاڵەبانی، خوێندەوەیەکی خێرا بۆ چیرۆکی پەراوێزەکانی ئەوروپا ،ڕ. برایەتی، 1999، ل 8.

# چیرۆکی شێر

## 8ـ چیرۆکی شێر

ئەم چیرۆکە ساڵی 1985 لە دانیمارك نووسراوە، ئەم چیرۆکە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە چیرۆکنووس لە ئاوارەیی و غوربەتدا نووسیویەتی، پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ناوی ( شێرزاد)ە ، وەکو دەزانین ( شێر ) لە ئەفسانەو لە سەردەمانی زوو کە هێمایە بۆ ئازایەتی و دلێری ،چونکە ( شێر) یەکێکە لەو ئاژەڵانەی کە بەئازایەتی ناوی دەرکردووە، بەلاَم ڕەمزەکە لێرەدا دەگۆڕێت، لێرەدا شێرزاد کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە مرۆڤێکە (( لە پەنجەرەیەکەوە دەڕوانێتە فەزای دەرەوە کە ئاماژەیەکە بۆ لە دەرەوە ( خارج) ی شوێنی ئێستای ناو چیرۆکەکەیە، ڕوانین زیاتر بۆ چوونە ناو ئەوێ (وڵات) کە لە دواجاردا دەبێتە گەڕانەوە بۆ مێژوو)) [1] .

وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد کە لێرەدا ڕەمزەکە ئاوەژوو دەبێتەوە، چونکە شێرزاد کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە دەستەوەستان دەبێ و ناتوانێ هیچ بکات .دەربارەی مەغزای چیرۆکەکە دیارە باسی دەردی غەریبی تاکی کورد لە دەرەوەی وڵات دەکات ، بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە ناتوانێ تێیدا هیچ بکات، بەڵکو زیاتر خۆبەدەستەوەدان و تەسلیمە بۆ ئەو واقێعەی کە تێیدایە، ئەم چیرۆکە دوو وێنەی دروست کردووە، یەکێکیان ئێستایە واتا ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژیت لە دەرەوەی وڵات، ئەوی تریان رابوردووە کە شوێنی زێدی خۆیەتی ، دیارە بەستانەوەی ئەو دوو وێنەیە ئاوها ئاسان و سادەو ساکار نییە، بەڵکو چیرۆکنووس توانیوەیەتی دوو وێنەی جوان بەیەکدا ببەستێتەوە، وێنەی ئێستا

[1] ئە سکەندەر جەلال، فەرهاد پیربال و .....، گ. کاروان،1999،ل 108.



کە ئاماژە بۆ وێنەی دوورە وڵات و غەریبی خۆی دەکات بەوێنەی رابوردوو دەبەستێتەوە، کە ڕۆژێك شێرێك بە ماندوویەتی رووددەکاتە ماڵیان کە ( 19) ساڵ بەر لەئێستا، دیارە لێرەدا ئاماژە بەوەدەکات کە خۆشی چۆن بەماندوویەتی و بە هیلاکی و غەریبی دێتە بەرچاو لەو شوێنەی کە تێیدا دەژی لە دوورە وڵاتی.

ئەم چیرۆکە بەهۆی فلاش باگەوە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ وێنە رابوردووەکە ((ئاخ، ئێستا ئەمیش ، شێرزاد ئەوەتا لێرە، لەم دوورگەیەدا خۆی وەك ئەو شێرەی ڕۆژگاری منداڵی خۆی دێتە پێش چاو ؟ حەیف ! بە درێژایی هەموو ژیانی، هەرگیز خۆی بەم چەشنەنە بینیوە، هەرگیز خۆی هێندە زەبوون و تەنیا و تێکشکاو نەبینیوە !)) (ل28).

هەروەها دەتوانین خوێندنەوەیەکی تریشی بۆ بکەین ئەویش کە شێر ڕەمزە بۆ ئازایەتی پێشمەرگە، کە چۆن پەلاماری هێزەکانی حکوومەتیان دەدا و تێك و پێکیان دەداو دەیان شکاند.....

خوێندنەوەکەش ئەوەیە کە پێشمەرگە وەکو شێر ئازابوون کاتێ پەلاماری هێزەکانی حکوومەتیان دەداو هەردەم سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، بەلاَم ڕۆژێکیان پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی حکوومەت دەشکێ و یەکێك لە پێشمەرگە ئازاکان رووددەکاتە ماڵی ئەو شێرزادە کە دیارە زۆر ماندوو هێلاك بووە، و شێرزادیش ئێستاکە لە دەرەوەی وڵاتە، خۆی وەکو ئەو پێشمەرگەیە دێتە پێش چاو.

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی فانتازیایە ، لەهەمان کاتدا چیرۆکنووس توانیویەتی چەندین و فۆرم و تەکنیکی نوێ و تاراوگەیی تێدا بەکارهێناوە، لەوانە: فانتازیا، ڕەمز، فلاش باگ، کۆد،.... هتد).

شێرزاد کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە هەست بەغەریبی و بێزاری و نائومێدی خۆی دەکات وەکو هەموو پەناهەندەیەکی کورد کە دەچێتە دەرەوەیوڵاَت تووشی ئەم حاڵەتە دەبێت (( بەڕاستی، بچم لە کۆپنهاگن چ بکەم) ( کێ لەوێ دەناسم، کێ دەمناسێ ؟)) (ل77).

## 9. چیرۆکی لامارتین

ئەم چیرۆکە لە ساڵی 1991 لە پاریس نووسراوە، ئەم چیرۆکە باسی کوردێك دەکات کە بەدوای کاردادەگەڕێت لە هەندەران، جگە لە شیعر هیچی تر نازانێ، دیارە ئەم کوڕە پەناهەندە بڕوانامەی دکتۆرای هەیە لەبارەی ( قافیە لە شیعری لامارتین) (( وتی : تۆچیت خوێندووە؟ ووتم: دکتۆرام هەیە لەبارەی قافیە لە شیعرەکانی لامارتین)) (ل 33-34). بۆیە هیچ کارێکی دەست ناکەوێ.

مەغزای چیرۆکەکە ئەوەیە کە ئێستا لە ولاتە پێشکەوتووەکان وەکو ( بەریتانیا،فەرەنسا، نەرویج، هۆڵەندا،دانیمارك......) بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و سەردەمی سەردەمی پیشەسازی و سەردەمی کۆمپیوتەر و ئەتەرنێت، نرخ وبەهاو رەواجی شیعر نەماوە، شیعر لەولاتە پێشکەوتوەکان بەکەڵك نایێ، لەو ولاتانە تەنها نرخ وپایە دەدەن بەو کەسانەی کە پسپۆڕ و شارەزان لە بوراەکانی تەکنەلۆژیا ((هەربێ کارێك کە دێتە ئەو ئاژانسە و بەدوای کاردا دەگەڕێ ، پێوستە شارەزایی لە بورایێك یان لە کارێکدا هەبێ)) (ل 34).

هەروەها ئەم چیرۆکە مەبەستێکی تریشی هەیە ، ئەویش ئەوەیە کە پەناهەندەی کورد لە دەرەوەی ولات هیچ بایەخێکی نیە، ئەگەر خۆی بەشیعر خەریك کات.

ئەم چیرۆکە چیرۆکێکی فانتازییە، چیرۆکنووس زۆر بە جوانی توانیویەتی بە شێوەیەکی فانتازی هەندێ لایەنی ئەم چیرۆکە باس بکات، بەتایبەتی کاتێ کە پەناهەندەکە لەگەڵ پەیکەری ( لامارتین) قسەدەکات، پەیکەری (لامارتین) کە لە سەردەمی خۆیدا شیعرەکانی رەواج و بەهایەکی گەورەی هەبوو، لە هەمان کاتیشدا بەکارهێنانی ئەم ڕەمزە ئاماژەیەکە بۆ ئەو کە ئەگەر ( لامارتین) یش بمابوایە ئەوا بێ ئیش و کار دەبوو و وازی لە شیعر دەهێنا، بەدوای کارێکی تردا دەگەڕا بۆ ئەوەی خۆی پێوەخەریك بکات و رەنجەکەی بەلاش





نەڕوات،چونکە ئێستا سەردەمی تەکنەلۆژیاو سەردەمی گەڕانە بەدوای پارە و پوولدا، هەروەها هێمایە بۆ ئەوانەی شاعیرن کە ئێستا نرخ وبەهایان نییە، هیچ ئیشێکی تریان نییە بیکەن بۆیە پەنایان بردۆتە بەر شیعر (( لامارتین یەکسەلەف وتی : تۆ لە سەرەتاوە نەدەبووایە چارەنووسی خۆت بدەیتە دەست شیعر و جوانی و نووسینەوە ! کە ئەم قسەیەم لە لامارتین بیست یەکسەر ئاوڕێکی توڕەم لێی دایەوەو وتم :ئەی تۆ؟ بۆچی چارەنووسی خۆت دایە دەست شیعر و جوانی و نووسینەوە؟ یە توڕەبییەوە وتی :من کەر بووم )) (ل 37).

ئەسکەندەر جەلال لە بارەی ئەم چیرۆکەوە دەڵێت (( ئەو فانتازیایەی پەیکەر دواندن و جولاندن ... لە وێشەوە غەریبانە کە شکڵێك لە دادائیەت دەیاننەخشێنێ)) [1] .

دەبێ لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوڕاستیە بکەین ، ئەویش بەکارهێنانی ( لامارتین) وەك ناونیشانێك بۆ ئەم چیرۆکە، کە دیارە هێمایە بۆ ئەوەی چیرۆکنووس کاریگەر بووە بەشیعرەکانی لامارتین، ئەم جۆرە شێوازە خۆی لەخۆیدا شێوازێکی نوێیە، چونکە وێنەی چیرۆکی نوێ نابێ وێنەی ڕاستەو خۆی واقیعی بێ، هەروەکو (هینری جیمس) دەڵێت (( ژیان تێکەڵ و پێکەڵە، هونەر هەڵبژاردنە، وێنەی هونەریش نابێ روونوسێکی ڕاستەوخۆی واقیعی بێ، لەبەر ئەوە چیرۆکنووس تەنها ئەولایەنانەی لە واقیع هەڵبژێرێت و هەلاوێرکات کە مەبەستیەتی، ئینجا دەست بە گۆڕانکاری خۆی بکات چ یەکەم کردنەوەو فڕێدان و یان زیادکرن و خستنە سەری هەندێ شتی دی کە لە دروستکردنی بیرو ئەندێشەی چیرۆکنووسەوە ئاوێتەی چیرۆکەکانی دەکات ، بەشێوەیەك سروشتێکی دی دەداتێ و بەربەرگێکی نوێ لەبەر دەکات و بەم جۆرە لەو ڕووداوە رووتانەی جیادەکاتەوە کە لە واقیع روو دەدەن)[2] .

---

[1] ئەسکەندەر جەلال،فەرهاد پیربالّ و ...... گ. کاروان، ل 108.

[2] هنری جیمس،نظرية الرواية في الادب الانجليزى الحديث ، 1971، ص، 42.





## 10- چیرۆکی بیابان

ئەم چیرۆکە لە ساڵی 1989 لە پاریس نووسراوە، ئەم چیرۆکە باس لە هەندێ ئازار و مەینەتی و ناخۆشیەکانی گەلی کوردمان دەکات کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە ئەنجامدرا.

دیارە ئەم چیرۆکە باس لەو ئازار و مەینەتیانە دەکات لە ڕێگەی باسکردنی کوڕە کوردێك کە وەرەقەیەکی پێ دەبێ ڕۆژێك دەیگرن، گوایە پلانی دانایە بۆ لێدانی هێزەکانی حکومەت و جاسوسە( هجوم، دیفاع، هەدەف) ، ئائەمە لەسەر کاغەزەکە نووسراون کە پلانی یاریکردنی تۆپی پێ یە، ((تۆجاسوسیت، رایکێشامەلای خۆی) ( تەماشای ئەم کاغەزەی خۆت بکە؟ هجوم،دیفاع:هەدەف.... ئەم شتانە چین لێر نووسیونت، ها؟!)) ( ل **101**).

ئا لێرەدا مەغزای چیرۆکەکەمان بۆ دەردەکەوێ رژێم سالاری هەیەو راگوێزانەوەی خەڵکی کوردە بۆ بیابانەکانی باشوور و ئەشکەنجەدانی خەڵکە... و سیناریۆ دانان بۆ فڕوفێڵەکانیان بۆ لەناوبردنی کورد بەستەزمان، کە سیناریۆ بۆ کوڕەکە دادەنێن گوایە جاسوسەو، وەرەقەی توپی پێیە کە دەکەنە بەڵگە بۆگرتنی منداڵەکە.

دیارە ئەمە یەکێکە لەو سیناریۆیەکانی حکومەتی عێراق بۆ راگوێزان و لەناوبردنی کورد، دیارە ئەم کوڕە ( باوك و دایك و خوشکێکی) بوو کە خەڵکی مێرگەسوربوون و راگوێزان بر بیابانەکانی ( رومادی) بۆماوەی ( 11) مانگ ( یازدە مانگی رەبەق بوو من و دایکم و باوك و خوشێکە بچکۆلانەم لەوبیابانەی باشووری عێراقدا دەژیاین.چل پەنجا ماڵێك دەبووین لەوێ، بیابانی روومادی ! بیابانێکی هەتا چاو بڕەدکا چۆڵەوانی و وشکایی یە)) (ل 96) .



ئا ئەمەیە ژیانی کورد لە کوردستانی عێراق پێش راپەڕین کە چەندەها کاری خراپیان لەدژی‌ئەنجامداوە و تا ئێستاش لەگەڵدابێت هەر بەردەوامە لە سەری ، کوانێ مافی مرۆڤ ، کوانێ ئەو ولاتانەی کە دڵێن ئێمە ئیسلامین ، کوانێ ئەو عەرەبانەی کە باسی پاڵەوانیەتی سەلاحەدینی کوردیان دەکرد، بۆ دەنگیان نایێت، ئەنفالکردنی هەزارەهاکەس و کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو بالیسان و ناوچەکانی تر و لە سێدارەدانی هەزارەها کوردی و بێ سەرو شوێنکردنی هەزارەهای تر.........

بیابان خۆی لە خۆیدا ڕەمزێك دروست دەکات ئەویش ئاماژەکردنە بۆ ئەو شوێنەی کەخەڵکی کوردی تێدا ئەشکەنجە دەراو راگوێزانیان لە زێدی و شوێنی خۆیان بۆ ئەو بیابانە... وەکو ئاشکراشە بیابان شوێنێکی بێ بەرووبووم و بێ دەرامەت و چۆڵەوانییە.

ئا ئەمە ژیانی کوردبوو کە هەریەکە بەبیانویەك تاوانبار دەکران و رادەگوێزان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ((سبەینێ ماڵە کوردەکان رادەگوێزنەوە)) ((ئاخر ، لە شیمالەوە بۆ جنوب ، لە جنوبەوە بەرەوکوێ ؟ سەیرە!)).

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم بیابانە ڕەمزە و مۆرێکە بە نێوچاوانی کاربەدەستانی ئەوسای عێراق کە هەزارەها خانەوادەی کوردی لە سەرماڵ و خانەوادەی خۆیان راگوێزران و بردوویەنە ئەو شوێنە خراپە و دوور لە هەموو خۆشیەکی ژیان....

دەتوانین بڵێین کە مرۆڤی کورد لە بچوکترین و سادەترین مافەکانی ژیانی بێ بەشە، خاوەن ویست و ئیرادەی خۆی نییە، هەمووشتێك بەزۆر دەسەپێندرێ بەسەریا، میشێل فۆکۆ لەم بارەوە دەڵێ (( دەستەلاتی سزا بۆ ئەوەی بمێنێتەوە هەمیشە لەسەر مەرگ کاردەکات ، واتە جەستە دەبێتە پانتای یەك بۆ سزادان، ئەمەش دەسەلاتێکە لە کۆمەڵگایەکی خێڵەکیدا بوونی هەیە)) [1] .

لێرەدا چیرۆکنووس بە شێوازێکی زۆر جوان باسی لەم راگوێزانە کردووە و سیمایەك و لەونێك و بەرگێکی زۆر جوانی بەم چیرۆکە بەخشیوە.

---

[1] مەریوان وریا قانیع، دەسەلات و جیاوازی، گ. رەهەند. ژ(2) ، ل 85.

ئەگەر سەیری ئەم پەرەگرافە بکەین ((هیچ تاوانێکم نەکردوە و مافی خۆمە ئازادببم)) (ل 103). ئەوا دەبینین دوو هێمای تیایە، هێمایەکی دوور کە ئاماژەیە بۆ رزگاربوونی و ئازدبوونی گەلی کوردە لەو ئازار و ناخۆشیە کە تێیدایە و ئاماژەشە بۆ سەربەخۆبوونی کوردستان.....





## 11- چیرۆکی ناونیشانێکی نوێ

ئەم چیرۆکە لە ساڵی 1980 نووسراوە ، چیرۆکەکە باس لە کەسێك دەکات کە رۆشنبیرەو حەزی لە خوێندن و نووسینە، بەڵام باوکی پێچەوانەی ئەو رقی لە کتێب و خوێندن دەبێتەوە، هەردەم کۆسپ و فاکتەرێکە لە بەردەم ئەو کوڕە خوێندەوارە، ئەم کوڕەش حەز لە کچێك دەکات ناوی ( زینەبە) ەو خۆشی دەوێ....

ئەگەر سەیری پاڵەوانی چیرۆکەکە بکەین ئەوا دەبینین خودی چیرۆکنووس خۆیەتی، شوێنەکەش شاری هەولێرە ، مەغزای چیرۆکەکەش ( باوکسالاری) یاخود دەستەلاّتسالاری (( باش دیارە سەری خۆت هەڵگرتووەو پشتت کردۆتە زوڵم و زەناو دەستی زەبری باوکێك)) (ل 119).

(( ئەو باوکەی کە هەرچەندە بیری لێ دەکەیتەوە، دڵنیانابێت کە باوکتە! هەمیشە بە تف و جوێن و کۆڵەمست و شولاق بەرەنگارت دەبۆوەو تەڕوەنەی کۆلاّن و شەقامە سارو دوتایرکەکانی دەکردێت)) (ل 120).

ئەگەر سەیری ئەم دوو پەرەگرافەی پێشەوە بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێ کەوا پاڵەوانی چیرۆکەکە خودی چیرۆکنووسە و ( من) گۆڕاوە بە (ئەو).

دەربارەی مەغزاکەش وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد کە باوکسالارییە و باسی دەسەلاّتی باوکەکە دەکات بەسەر کوڕەکەی ، ئەو کوڕەی کە هەردەم حەزدەکات شت بخوێنێتەوە، ئەفسووس! کە باوکی هەردەم دژی رادەوەستێت و مامەڵەی خراپی لەگەڵدا دەکات(( ناشزانیێ ئەو زەلامە ، قینی چ پاشەیەکی ترسنۆکی لە کتێبە؟ لەوەتەی تۆ کتێب دەکڕیت و دەخوێنیتەوە، ئەویش لێتی دەدزێ و دەیسوتێنێ)) (ل 120).

لێرەدا دەردەکەوێ کە چیرۆکنووس هەرچەندەی رۆشنبیرە و حەز لە خوێندن و نووسین دەکات، بەلاّم باوکی دەسەلاّتی بەسەریدا زاڵە، هەروەکو لەم هێڵکاریە بۆمان روون دەبێتەوە:

باوك ← دەسەلاّت

چیرۆکنووس رۆشنبیر

ئەو ڕەمزەی لە چیرۆکەکەدا هەیە، ئاماژەیە بۆ دەسەلاّتسازی کە لەهەر شوێنێك دەستەلاّت هەبێ بە سەرتەوە، ئەوا ناتوانی بەئازادی و سەربەستی بژیت یاخود بنووسیت و هەردەم تۆ ڕەخنە لەو دەستەلاّتە دەگری کە خۆی بەسەرتا دەسەپێنێ و ناهێلّێ تۆ بەئازادانە بیربکەیتەوە یاخود بژیت ((نەفرەت لە هەموو باوك و مالّە باوکێك)) (ل 120)

دەربارەی خۆش ویستنی بۆ زەینەب ، ئەوا وەکو هەموو دلّدارێك وایە کە چ دەکات و بەرامبەر خۆشەویستەکەی (( خۆشەویستم ، زەینەب گیان )) (ل 122).

دەبێ لێرەدا ئاماژە بە شتێك بکەین، ئەویش ئەوەیە کە دیارترین سەرکەوتنەکانی چیرۆکنووس بۆ چیرۆکەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕاستگۆیی نواندوە لە بارەی باسکردنی ژیانی خۆی بەشێوەیەکی واقیعیانە لە نێو چیرۆکەکانی، هەروەکو نەزار قەبانی دەلّێت (( ژیان هۆنراوەکانم وەکو گۆشت و ئێسك پێکەوە لکاون و تەنیا بەمردن لێکجوێ دەبنەوە، هۆنراوەکانم دیمەنی فۆتۆگرافی منن!)) [1] ،کەواتە ڕاستگۆیی دەبێتە سەرخستنی پرۆگرام و کردەیی نووسین .....

---

(1) سۆران محمد،هۆرە سۆفیەکەی دێوانە یان رۆندەکە بێ دەنگیەکانی دوورە ولاّت، گ. نوسەری نوێ، 1998، ل 76.





**زەینەب و شتی تریش**

## 12- زەینەب و شتی تریش

ئەم چیرۆکە لەساڵی 1981 نووسراوە، پاڵەوانی چیرۆکەکە ( زینەبە) کە دوو خوشکی هەیە ، بەناوەکانی ( حەسیبە و شەونم) و برایەکی بچکۆلانەشی هەیە بەناوی ( کامیار)، ئەمانە لە خێزانێکی هەژار بوونە، زەینەب فەرمانبەرە و لە دائیرە کاردەکات، بە هۆی شوفێرێك کە ناوی دڵشادە دەبێت لە خشتەی دەبات و کاری خراپی لەگەڵیا دەکات، و کۆتایی چیرۆکەکە بە خۆکوشتنی ( زەینەب) تەواو دەبێت، تاکو دوو خوشکەکەی تری ئاسودە دەبن.

ئەم چیرۆکە لە شێوازی گێڕانەوەیەکی مەنەلۆگیانە لە نێوان خودی زینەب و ناوەوەی زەینەب، تا وای لێ دێت کە زەینەب بەرەو بێهودەیی دەبات و لە ئەنجامدا خۆی دەکوژێت.

مەغزاکانی چیرۆکەکە دەردی هەژاری یە، ئەم هەژاری یە وادەکات کە شیرازەی خێزانەکە تێك بچێ، زەینەب کە فەرمانبەری دائیریە دەبێت بەسوزانی بەقسەی دڵشادی شوفێرەکە هەڵیخەڵەتاندووە و بە فێری هێنان دەیداتە دەست ( شاکر و شەوکەت).

وەکو وتمان هەژاری کرۆکی چیرۆکەکەیە و ، وا دەکات کە زەینەب ئەم کارانە بکات، بە شێوەیەکی مەنەلۆگیانە قسەلەگەڵ خۆی دەکات و لەدوایدا پەشیمان دەبێتەوە(( تۆ ئێستە پەشیمانی ! زۆریش پەشیمان . دڵشاد زۆڵ بوو، دووای هەر کەرەتێ نەختێ پارەی لە چنگت دەناو دەیگوت (( دەتهێنم)) ((هەر ئەم خۆشی بەشاکری زەڕەنگەر و شەوکەتی مغازەچی ئاشنای کردی : ئەو شەوکەتەی لە نرخی زێڕ و پارەو هەوەس زیاتر، هیچی لە مانای وەفا و میهر و خۆشەویستی نەدەزانی))(ل 134).

هەژاری کە لێرەدا ڕەمزە بۆ سوزانی یاخود چوون بەرەو کاری سوزانی، دیارە بەهۆی ئەو کارانەی کە زەینەب دەیکرد ناوی خوشکەکانی تریشی پیس بوو، تەنانەت وای لێ هات بوو کە بەهۆی زەینەبەوە ، خەڵك نەدەهاتنە داخوازی خۆشکەکانی تری ،



حەسیبەکاری دورمان کردن بوو، شەونم کاری خوێندن و خوێندکاری بوو، ئێمە کچێك ناخوازین کە خوشکی زەینەبی سۆزانی بێ، هەموو گەڕەك ناوبانگی بیستۆتەوە)) (ل 130).دەتوانین لەم هێڵکاریەی خوارەوە زیاتر ناوەڕۆك و مەغزاو ڕەمزی چیرۆکەکە روون بکەینەوە:

زەینەب Ù هەژاری Ù سۆزانی Ù نیگەرانی Ù قسەی خەڵك Ù بێهودەیی Ù خۆکوشتن

هەمدیسان چیرۆکەکە زیاتر ڕەمزە بۆ هەژاری و زوڵمی ڕۆژگارو قسەو قسەلۆکی خەڵکی، کە بەخۆکوشتنی (زەینەب) هەموو شتێك کۆتای پێ دێت(( سەرنجت بڕیە ئاوێنە هەڵواسراوەکەی قەد یوارەکە: دەستت بە چەقۆکەوە لەرزی ، پێش ئەوەی چەقۆکە بچەقێتە دڵتەوە ، لە ئاوێنەکەوە خوێنی قەترانی خۆتت دیت ڕژا)) (ل 133)

## 13 – چیرۆکی داغەکەی پشتی دەستم

ئەم چیرۆکە ساڵی 1979 لە شاری هەولێر نووسراوە، ئەم چیرۆکە باس لە کوڕێك دەکات کە ئیش دەکات،ناتوانێ بە هیچ شێوەیەك کەم و کوڕی لە ئیشەکەی خۆیدا بکات، چونکە باوکیشی لە دووکانەکە لەگەڵی بوو، ژوورێکی هەبوو، تیایدا کاری خراپی دەکرد.

چیرۆکەکە باس لەوە دەکات کە ئەو کوڕە ڕۆژێکیان میز لەناو بتڵە ئارەقی باوکی دەکات، چونکە زۆری میز دێت و ناتوانێ دوکان بەجێ بهێڵێ، لێرەدا بەئەنقەست ئەو میزەی لەناو بتڵەکە نەکرد بەڵکو بەهۆی نەزانینەوە بووە ، باوکیشی بێ روحمانە دەستی داغ دەکات .....

دەربارەی مەغزاکانی ئەو چیرۆکە ئاماژەیە بۆ دەسەلاتی باوکسالاری ، کە ئەو کوڕەی بێ بەش کردبوو لە هەمووخۆشیەکی ژیان، خستنە ڕووی ئەو دیاردەیە کە لەناو ئێمەی کوردا هەیە، ئەگەر یەکێکمان سەرپێچی بکات ، ئەوا سزاکەی داغ کردنی یەکێك لە ئەندامانی لەشێتی.

ئەم داغ کردنەی منداڵیش ڕەمزە ئاماژە کردنێکە بۆ ئێمەی کورد کە زۆر باوە لەناومان، بە واتایەکی تر کورد منداڵی خۆی داغ دەکات ئەگەر سەرپێچی بکات، ئەم داغکردنەی منداڵ کە دەبێتەهۆی ئەوەی کە تووشی بێزاری و بێهودەیی دەکات، کاتێ کە تەماشای دۆستەکانی خۆی دەکات هەموویپیاسەدەکەن، جل و بەرگی جوان لەبەر دەکەن، ئەویش بەجل و بەرگی کۆن لە کارکردن دایەوە سەرباری ئەوەش دەستی داغ دەکەن(( منداڵە دەوڵەمەندەکانی دراوسێمان ئەنگوستیلەی زێڕو سەعاتی خنجیلانە لەسەر دەستیان دەبریسکایەوە، منیش ئەم داغە پیس و ناشیرنە لە سەردەستم دەبریسکایەوە! بەلاّم بۆ چ... ئاخر بۆ چ ، منداڵێکی وەك ئەوسای من، دەبێ چیم کردبێ؟ )) ( ل. 110) . دیارە ئەم چیرۆکە زیاتر کردەی مەنەلۆژی بەسەردا زاڵە بووە کەخودی خۆی لەگەڵ ناوەوەی خۆی





قسەدەکات و ڕووداوەکان ئاوەژوو دەکاتەوە. ئەوەی لەو چیرۆکە زیاتر هەستی پێ دەکرێ ، ئەو دەستەڵاتەی باوکە بەسەر مناڵەکە، کە هەر ڕۆژێ لەگەڵ سۆزانیەك ژووانی هەیەو مەشروباتیش دەخواتەوە و کوڕەکەشی بەم کارە دەزانێ، بەڵام ناتوانێ چ قسە بکات(( ئەو ڕۆژە – داخ بۆ ئەوڕۆژە، باوکەکەم وەك گەلێك ئێوارەی دیکە لە ماڵی ئافرەتێکی سۆزانیدا ژووانی هەبوو، دوکانەکەشی بەتەمای من لێ گەڕابوو)) (ل 115).

هەروەها ئەم چیرۆکە چەندین لایەنی دەروونی گرتۆتە خۆ ، لەوانە (( ئەوەتا ، هێور ، هێور، وەك خەونێك دەکەوێتە سەر پەڕی مێشکم، بەڵام سەیر بوو، بێهودەیی، ئاسوودەی، دوورەپەرێزی و خۆ بەکەم زانین ، ئەم گرێ و گومڕایە ، خەمناکی، گێژاوی خۆم، خەم لێ زرا، پەی بەهەندێ شت دەبەم، لەبیرم دەچۆوە کە نیوەڕۆیە،.... هتد)) .

ئەم چیرۆکە دەچێتە خانەی ڕێبازی ریالیزمی ڕەخنەگرانە ، کە لێرەدا ڕەخنەگرتنە لەو ڕابردووەی کە تێیدا بوو.

ئەگەر ئاوڕێك لە ناونیشانی بابەتەکە بدەینەوە ئەوا لەوانەیە هەندێك بە چاوێکی کەمەوە سەیری ئەم چیرۆکە بکەن، لە وانەشە بڵێن داغ کردنەکە منداڵێك چییە تاکو تۆ بێی چیرۆکێکی لەسەر بنووسی، بەڵام لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم داغ کردنە چەندین شتی تریشی لە پشتە، لەوانە هێمایە بۆ باوکسالاری وەك لە سەرەتادا باسمان کرد، هەروەها دیاردەی لێدان و بێ بەشکردنیان لەخۆشی ژیان...

بۆیە لێرەدا دەتوانین وتەیەکی باسکال بهێنینەوە کە دەڵێت (( نابێ کەس پێم بڵێ شتێکی نوێم داهێناوە، چونکە هەرهیچ نەبێ ڕێکخستنی کەرستەکانم شتێکی نوێیە)) [1].

---

[1] عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، 1987، ل 3.

## چیرۆکی  کوژرانی عەسکەرێکی تورك لە زاخۆ

## 14- چیرۆکی  کوژرانی عەسکەرێکی تورك لە زاخۆ

ئەم چیرۆکە باس لە کوژرانی عـەسکەرێکی تورك دەکات، چیرۆکەکە لە سەرەتاوە تـا کۆتایی هەر گێڕانەوەی ڕووداوێکە کە چۆن ئەم عەسکەرە تورکە کوژراوە، چیرۆکنووس بە شێوازێکی زۆر جوان ئەم ڕووداوە دەگێڕێتەوە، تەکنیکێکی شێوە بازنەی بەکارهێناوە.




مەغزای چیرۆکەکە ئاماژەیە بۆ رق و قینەی سیاسی ، لەهـەمان کاتـدا ( کـۆدی) دروست کردووە لە چیرۆکەکەدا کە تاوەکو ئێستا وەڵامی نیە لەلایەن حاکم، چەنکە دووجار پرسـیاری لێ دەکـرێ لـە لایـەن ئەفەنـدی (( جـەنابی حـاکم تـۆ بـەخۆت و ژنەکـەت و دوومناڵتەوە، ئەگەر لە هەولێرەوە بۆ پیاسە هاتنە زاخـۆ و لـە ناکـاو، لەسـەر پردێـك، عەسکەرێکی تورك بە بەرچاوی خۆتەوە قونی ژنەکەت بگرێ ، چ دەکەی)) (ل 93).

دیارە لێرەدا زیاتر مەغزای چیرۆکەکەمان بۆ روون دەبێتەوە ئەویش لایەن و مەسەلە سیاسییەکەیە، لێرەدا چیرۆکنووس دەیەوێ پێمان بڵێ کە تورك دژی کـوردەو ، و هـەردەم هەوڵ دەدات بۆ لەناوبردن و سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەی کورد (( ئەگەر مەسـەلەکە رکـو کینەیەکی سیاسی نەبێت چۆن پیاو لەسەر قوونی ژنێك دەسـت دەداتـە کلاشـین کـۆف و عەسکەری دەوڵەت بکوژێ؟! ئەم دووپیاوە هەردووکیان رقیان لە تورك و عـەسکەری تورك



سیناریۆکەیان دیارە لەسەر دۆر هەڵبەستراوە، دەیانەوێ بـەرگری لەهەڵـەو تـاوانی یـەکتر بکەن)) (ل 90) .

ڕەمزەکەشی زیاتر تێکەڵە بەمەغزاکە کە ئاماژەکردنە بۆ کوردایەتی کردن و بۆ رق و کینەی سیاسی (( مەرحووم بەدەستی هاورێکەی خۆی نە کـوژرا.  هـەردوو تاوانبـار دۆر دەکەن و پێکەوە لەسەر ئەوە رێکەوتون کە ئەم سیناریۆیە هەڵبەستن و بیڵێنـەوە. ڕاسـتە مەرحووم بەمە زۆر سەغڵەت بوو کە ئەفەندی جنێوی بەتورکان دا و پاشان هاواری کـرد( بژی کوردستان) ، بەڵام هیچ وەڵامی ئەوی نەدایەوە )) (ل 89).

دیارە ئەم چیرۆکە لایەنی نەتەوایەتی و هەست کردن بە وجودی کورد و کوردایـەتی و نەتەوایەتی بەتەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە، (( بژی کوردستان)) کە ڕەمزە بۆ تەسیلم نەبوونی کورد بۆ داگیرکەران و دەربڕینی هەستی دڵسۆزی خۆیانە بۆ ناوچەکەیان (( ئێـوە پـیس و داگیرکەران)) (ل 88).

ئەو شێوازەی کە چیرۆکنووس بەکاری هێناوە ، دیارە دەرگای تەواو بوون و کۆتـایی هێنانی چیرۆکەکەی پێ ناکرێ، چونکە هەرگێڕانەوەی ڕووداوەکە فەزاو زەمینەی چیرۆکەکە فراوانتردەکات.







## 15- چیرۆکی ژنێك

ئەم چیرۆکە ساڵی 1982 نووسراوە، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە باسی پیاوێك دەکات ، کە هاتوچۆی ( باڕ) دەکات و هاوڕێیەکی هەیە، دیارە ئەم پیاوە بۆ ماوەیەکی زۆر ون ئەبێ، و کاتێ دێتەوە، ئەو کەسە زۆر گۆڕابوو لە رووی دەم و چاو وپاك و خاوێنی یەوە ، لە رووی پەیوەندی کۆمەلاًیەتی لەگەڵ کەسانی تر.

مەغزای چیرۆکەکە ئاماژەیە بۆ دەستەلاًت و حکومەت سالاری و کە ئەشکەنجەو سزای خەڵکی دەدا،باسی ئەو ڕۆژە ئەکات کە زیلێکی سەربازی روودەکاتە ئەو باڕە و کابرایە رەبەنە دەبەن ئەشکەنجەیەکی زۆری دەدەن و تەنانەت لاچاناگایەکی دەسوتێنن(( چاوم بەکابرایەك کەوت گەنجێکی نەختێك بەنیوەساڵ کەوتووی ، پاڵتۆ بە پینەو چڵك بۆر بوو، لەوە دەچوو پاشماوەی ئەشکەنجەیەکی زۆر یان ئازارو ئەزیەتێکی روحی)) (( کە زێتر لە پاشماوەی شوێن سووتانێك دەچوو بە لاچاناگەیەوە، تاملی داشکابوو)) (ل 152).

دەربارەی ڕەمزی چیرۆکەکە ( سوتانی لاچەناگە)یە ، کە ڕەمزە بۆ دەسەلاًتی رژێم کەچۆن ئازاری خەڵکی ولاًتی خۆی دەدات بە تایبەتی کوردەکان.

بەکارهێنانی ناونیشانی ژنێك بۆ ئەم چیرۆکە بەڕای ئێمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە چۆن پیاو ئازاری ژن دەداتـ، ئەوهاش رژێم ئازاری کوردەکان دەدات کە دەستەلاًتیان نیە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان، لەم باروە فرۆید(( مازۆقیەت دەداتە پاڵ ئافرەت کە چێژ لە شتێك وەربگری ئازارت بداتـ،بەلاًم سادییەت کە دەداتە پاڵ پیاو ، کە حەزبەوەبەکی ئازاری خەڵك بدەی))[1].

---

(1) د. فەرهاد پیربال: موحازەرەکانی کولێژی پەروەردە، 2000 – 2001.

نووسەری ئەمڕۆ بە ئەنقەست وای لیَ کراوە کەوا زۆرترین تەئویل و تەفسیر لە چیرۆکەکەی خۆیدا کۆبکاتەوەو بۆ ئەوەی رەواج بە دەقەکەی بدات..... و خوێنەریش سەربەستە لە راڤەکردن و شلۆڤەو شیتەڵکردنی دەقەکە..

ئەم چیرۆکە وەکو باسمان کرد زیاتر وئاماژە بۆ دەستەلاٚتی رژێم دەکات کە چۆن ئازار و ئەشکەنجەی ئێمەی گەلی کوردی کردووە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە، هەروەها نەبوونی ئازادی دەگەێنیَ بۆ ئەوە کە ئێمەی کورد لە ژێر سایەی ئەو حکومەتەی عێراق هەردەم دژی میللەتی خۆیەتی بە تایبەتی کورد...



**ئەنجام**

1- کردەی مەغزا و ڕەمز لە سەراپای چیرۆکنووس، تاکە تاکەیان نەبێت خۆیان وا بەئاسانی نادەنە بەردیدەی خوێنەر بەڵکو زیاترجەربەزەیی وداخراون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەری تەکنیك و فۆڕمە نویَ یەکان کە لە چیرۆکەکانی بەکاری هێناون، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات کە هەڵبستێت بە پڕۆسەی هەڵکۆڵێن لە نێو بونیادی دەق و زیاتر شۆڕبێتەوە بۆ نێو خەلایە شاراوەکانی و کڕۆکی دەقەکان.

2- دەتوانین چەندین ڕەمز و مەغزا لە چیرۆکەکانی وەدەربهێنین، بە واتایەکی تر چیرۆکنووس توانیویەتی زۆرترین تەئویل و تەفسیر بۆ چیرۆکەکانی دروست بکات بۆ ئەوەی رەواج بەدەقەکەی بدات. خوێنەریش لەم حاڵەتەدا سەرەبەستە لە راڤەکردن و شلۆڤەکردن و شیتەڵکردنی دەقەکە، هەروەکو گۆندلمان دەڵێت (( مرۆڤەکان بۆ چوون و بیروڕایان دەربارەی شتەکان جودایە)).

3-کاریگەربوونی چیرۆکنووس بە ڕێبازە جیاجیاکانی ئەوروپا ، بە واتایەکی نزیکتر دەتوانین بڵێن کە چیرۆکنووس یەکێکە لە پەیڕەوکەرانی ئەم ڕێبازە جیاجیایانە کە تاسەر ئێسقان موقەللیدە بە هەڵگرانی ڕێبازەکانی ئەوروپا...وەکو (( شوعیەکانی کوردستانی خۆمانمان دێتە پێش چاو کە لەهاویندا سەیوان و چەتریان پێیە ، کاتیَ لێیان دەپرسی بۆ چەترتان هەڵداوە خۆباران و بۆر نییە و زستانیش نییە، ئەوان لە وەلاٚمدا دەیان گووت (واتە شوعیەکان ).. ئێوە نازانن وا لەروسیا بەفر دەباریَ . بەبیَ ئەوەی رەچاوی واقعی کوردستانی خۆمان بکەن و لاسایی سەدا سەدی ورسیایان دەکرد.

4- داهێنانی هەندیَ جۆرە شێوازی نووسینی چیرۆك ، کە لە پێش خۆی نەبووە، لەوانە بەکارهێنانی پەراوێز لە چیرۆکی ( پەراوێزەکانی ئەوروپا) بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە و زۆر جوان و رێکوپێك ، هەروەها چیرۆکی شیزۆفرینیا کە (15) لاکێشەیە، بەلاٚم ئەم چیرۆکە

بەو (15) لاکێشەیە تەواو نابێ ، بەڵکو دەتوانین دەیەها لاکێشەی تریشی بۆ زیادبکەین و هەربەردەوام بین لەسەری.

5- زۆربەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکانی یا ئەوەتا ڕەنگدانەوەی ژیانی خۆیەتی یاخود خۆی لە نزیکەوە ئاگاداری لەو ڕووداوانە هەبووە، واتە ڕووداوەکان واقیعین، بەڵام زۆرینەیان بە شێوەیەکی فاتنازیا دەریبریون.

6-چیرۆکنووس توانیویەتی بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتوانە فۆرم و تەکنیک چیرۆك بەکاربهێنێ لە چیرۆکەکانیدا لەوانە (( فانتازیا، کۆد، فلاش باگ، شەپۆلی هۆش ، مەنەلۆگ..... هتد )) .



## سەرچاوەکان


### 1- سەرچاوەکوردییەکان

**أ- پەرتووك**

1- حسن جاف ،چیرۆکی نوێی کوردی ،1984.

2- حوسێن عارف ، لێکۆڵینەوەی تەکنیکی چیرۆکی نوێ، بەغدا، 1970.

3- جەلال خەلەف ،نەخۆشیە دەروونیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەغدا، بەغدا،1986.

4-عەزیز گەردی، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، 1987.

5-عەزیز گەردی ، پەخشانی کوردی ، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر ،1978.

6-محمد معروف فەتاح، زمانەوانی، چاپخانەی زانکۆ، هەولێر، 1990.

**ب- نامەی زانکۆیی**

1-پەرێز سابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تا وەکو جەنگی جیهانی دووەم ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، 1992.

2-ئیبراهیم قادر،لێکۆڵینەوەی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوور 1970-1980، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، ( 1997) ...

**ج - چاوپێکەتنەکان**

1- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. عومەر پەتی، کۆلێژی پەروەردە، ( 7-11-2000) .

2- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل کاکەوەیس ،هەولێر ( 13-11-2000) .

3-چاوپێکەوتن لەگەڵ سابیر ڕەشید ، هەولێر ، ( 17-12- 2000).

4- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. فەرهاد پیرباڵ ، کۆلێژی پەروەردە( 18-12-2000) .

5- چاوپێکەوتن لەگەڵ سلێمان دڵسۆز، هەولێر ( 13-1-2000) .

**د- موحازەرەکان**

1-د. فەرهاد پیربالْ ، موحازەرەکانی کۆلێژی پەروەردە ،1999- 2000.

2-د. فەرهاد پیربالْ ، موحازەرەکانی کولێژی پەروەردە، 2000-2001.

3-د. رەحمان ئیسماعیل، موحازەرەکانی کولێژی پەروەردە، 2000-2001.

4-د. عومەر ئیبراهیم، موحازەرەکانی کۆلێژی پەروەردە ، زانکۆی سەلاحەدین، 1999-2000.

**ه - رۆژنامەو گۆڤارەکان**

1- فەرهاد پیربالْ ، نامەیەکی کراوە بۆ دۆست و برادەرانم ، ر. نیشتمان، یەك شەمە، 11-4-1993.

2- خالید حوسێن ، رێبازی دادایزم ،وەرگێرانی لە فارسیەوە مستەفا معروف، گ. وەرگێران ، چ. رۆرشنبیری ، هاوینی 1997.

3- ئەسکەندەر جەلال ،فەرهاد پیربالْ و شەش چیرۆك کە بۆنی غوربەتیان لێ دێ ، گ. کاروان ژ (199)، 1998.

4- سۆان محمد ، هۆرە سۆفیەکەی دێوانەی یان روندکە بێ دەنگیەکانی دوورە وڵات ، گ. نوسەری نوێ، ژ(2)، 1998.

5- مەریوان وریا قانیع ، دەستەلاًت و جیاوازی، گ. رەهەند، ژ(2) ، 1999.

6- موکەڕەم تالەبانی ، خوێندەوەیەکی خێرا بۆ چیرۆکە پەراوێزەکانی ئەوروپا ،ڕ. برایەتی ئەدەب و هونەر ، ژ (150)، هەینی ( 22-10-1999) .

7- سلێمام دڵسۆز ، خوێندنەوەیەکی سەرپێی چیرۆکی پەتاتە خۆرەکان، ڕ.برایەتی ئەدەب و هونەر ، ژ (194) هەینی ( 15-9-2000)

8- سەرکەوت پێنجوێنی، تاسەی غوربەت لە شیعری نوێی کوردی تاراوگەدا، گ. رامان، ژ (48) ،حوزەیرانی ( 2000) .



9- شوکر سلێمان ،هەندێ پەراوێز بۆ پەراوێزەکانی ئەوروپا، گ. رامان، ژ (48) ، حوزەیرانی ( 2000).

10-نەریمان عەبدوڵلاً ، مەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربالْ ،گ. خەباتی قوتابیان، هەولێر ، ژ (43)، ( 18- 2- 20001).

11-نەریمان عەبدوڵلاً، ڕەمز لە چیرۆکی کوردیدا، گ. خەباتی قەتابیان هەولێر ، ژ 52 ، ( 3-12-2001) .

**2-سەرچاوە عەرەبیەکان**

أ- پەرتووك

1- جبور عبدالنور، المعجم الادبی ، ط 1 ، بیروت، 1971 .

2- هنری جیمس، نظریة الروایة فی الادب انجلیزی ، ت. انجیل بطرس ، الهیئة العامة للتألیف و النشر ، 1971.

3- د. عزالدین اسماعیل ، الادب و فنونة، دار الفکر العربی، قاهیرة ، 1973.

4- غراهام هو، مقالة فی النقد، ت . محی الدین صبحي، جامعة دمشق، 1973 .

5- دیان دار بتظایر، صنة کتابة الروایة، ت. سامی محمد ، 1987

6- عبدالرضا علی، الاسطورة فی الشیعر السیاب، وزارة الثقافة و الفنون، 1978.

7- د. عدنان خالید، النقد الطبیقی التحلیلی ، ط1، بغداد، ( 1987)

8- ت.ی.ن ابتر. ادب الفنتازیا، ت جابر سعدون، بغداد، 1990 .

9- روبرت همفری، تیار الوعی فی الروایة الحدیثة ، ت. د. محمود الربیعی، دارمعارف، مصر، ت1، 1978 .

**ب - الجریدة**

10- د. عادل گەرمیانی : ملامح التجربة في مجموعة قصص اکلوا بطاطا، جریدة خەبات، عدد 100- ، جمعة( 3-11-2000) .